# بەخۆنازین لای نالی و موتەنەببی

ئارام جەلال

زانیار عەلی

لە عەرەبییەوە کردوویەتی بە کوردی

# بەخۆنازین لای نالی و موتەنەببی

## ئارام جەلال


- نەخشەسازیی ناوەوە و بەرگ: محەمەد زاری
- پیتچنین: وەرگێڕ
- چاپ: یەکەم
- تیراژ: 500 دانە
- نرخ: 3000 هەزار دینار
- لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانەگشتییەکان ژمارە ()ـی ساڵی 2018ی پێ دراوە.

:ئەم کتێبە لەم سەرچاوەیەوە کراوە بە کوردیی

الغرور عند نالي والمتنبي (دراسة مقارنة)/ نقد أدبي/ ارام جلال/ الطبعة 1/ مجلة كۆچ 13/ مطبعة CACOIN/ 2012.

# بەخۆنازین لای نالی و موتەنەببی

## ئارام جەلال

زانیار عەلی
لە عەرەبییەوە کردوویەتی بە کوردی

2018

پێشکەش بە:

- ڕێبواری ڕێگە سەختەکانی ژین.
- ڕۆحی پیرۆزی نالیی.

# پێڕست

پێشەکیی وەرگێڕ.......................................................7

پێشەکیی نووسەر بۆ چاپە عەرەبییەکە...........................13

بەشی یەکەم.

تەوەری یەکەم.....................................................16

تەوەری دووەم.....................................................23

بەشی دووەم

تەوەری یەکەم.....................................................26

تەوەری دووەم.....................................................35

بەشی سێیەم

تەوەری یەکەم.....................................................50

تەوەری دووەم..................................................75

دەرئەنجام..........................................................85

پەراوێزەکان.......................................................57

سەرچاوەکان.......................................................97

## پێشەکیی وەرگێڕ

ئەڵبەتە کۆنترین دەقی کوردیی، شیعری کلاسیکە. لێکۆڵەران لەم مەیدانەدا، لە سنووری ڕواڵەتی شیعریی و ڕاڤەی دێڕەشیعرەکان و ڕەگەزە ڕەوانبێژییەکان، لێکۆڵینەوەی چاکیان کردووە. بەڵام ئەو پەیجوورییانەی تایبەتن بە هەندێک بابەتی وەک بەخۆنازین و ئەدەبی بەراوردکاریی، هێشتا بەڕێژەیەکی بەرچاو نیین و زۆر کەمن.

ماوەیەک پێش ئێستا، کتێبی **بەخۆنازین لای نالی و موتەنەببی**م خوێندەوە، سەرسامبووم بەو تەکنیکی نووسین و لیکۆڵینەوە بابەتییانە، کە نووسەر ئیشی لەسەر کردووە.

خوێنەرانی دەقی کلاسیک، بەشێوەیەکی باش ئاگاداری دەقی شیعریی ئەدەبیاتی عەرەبیی نیین، بگرە بەشێوەیەکی باشیش، لە دەقی کوردیی قووڵنەبوونەتەوە، لە ئاستێکی ساکاردا خوێندنەوە بۆ دەقە شیعرییەکان دەکەن.

ئەم کتێبە، دەروازەیەکە بەڕووی مەزنترین شاعیری کورد (بەڕای زۆربەی لێکۆڵەران)، کە کار لەسەر لایەنێکی جیاواز دەکات، ئەویش بابەتی بەخۆنازینە، پاشان بە شاعیری گەورەی عەرەب، موتەنەببی، بەراوردیدەکات.

بەندە ڕام وایە، بەخۆنازینی نالیی، بۆ ئەودەم شتێکی پێویست بوو، چونکە کەس نەبوو وەک نالیی، لە مەیدانی شیعردا داهێنانبکات.

پێشئەوەی **فرۆید**ییانە بڕوانینە ئەم بەخۆنازینە و بە گرفتێکی دەروونیی لەقەڵەمبدەین، من هەمیشە دێڕەشیعرێکی مەحموود دەروێش بە نموونە دەهێنمەوە، کە دەڵێت "ئەگەر پێویستیکرد، بەخۆنازبە!"[1].

کەواتە بەخۆنازین، بەشێکە لە پێویستییەکان، کە کەسی داهێنەر لە قۆناغێکی ژیانیدا، دەبێت بەخۆناز بێت، تا بتوانێت داهێنانەکانی بڵاوبکاتەوە.

ئەوە هەر نالیی بوو، دێڕەشیعرێکی خۆی بردە ئاست **مەسنەویی مەعنەویی**ەکەی **مەولانای ڕۆمی**:

---

[1] وكن نرجسيا اذا لزم الأمر.

**نالیا ئەم غەزەلەت تازە بە تازە وتووە**

**بە دووسەد مەسنەوی و لوببی لوبێبی نادەم!**

بەڵام سەرەڕای ئەم بەخۆنازینانەی نالیی، هەندێک دێڕەشیعر لە دیوانەکەیدا بەدییدەکەین، کە نالیی جیاواز لە خەسڵەت و خووی هەمیشەیی، خۆی بۆ ئاستێکی نەویی، نزمکردووەتەوە. لە بەرامبەر ئەو حاڵەتە بەخۆنازینانەی لەم کتێبەدا، خوێنەر پێیان ئاشنادەبێت، گەر بەوردی شیعرەکانی نالیی بخوێنێتەوە، دەبینێت خۆی بە (سەگ، قالۆنچە، مشەخۆر، پێشخزمەت)، چواندووە!

بڕوانە ئەم دێڕە شیعرانە:

**نالی کەوا سەگی سەگی ئەو مەرز و بوومەیە**

**ئەمما سەگی موعەللـەمی بێ دەنگ و بێ وەڕە!**

یان:

**دوور لە تۆ نالی سەگێکە، بێ وەفایە، هەرزەگۆ**

**بۆچی بانگی ناکەی ئەم کەلبە کە نانی نانییە؟!**

یان:

**نالی چییە وا میسلی جوعەل غەرقی شیاکەی**

**خۆ تۆ بەحیسابێ وەکوو پەروانە شەمت بوو!**

یان:

**من سەروی ڕەوانی چەمەنی عالەمی باڵام**

**نالی بە توفەیلی بووەتە سایە لەدوو من!**

یان:

**پێم گوت: مەکە چاک چاکم، پێشخزمەتی زۆر چاکم**

**فـەرمووی: بـەسەری کـاکم، داغت لـە دڵمدایە!**

هەستمکرد ئەم کتێبە زۆر پێویست بێت، هەم بۆ تێگەییشتنی زیاتر لەسەر نالیی، هەمیش بۆ فراوانکردنی مەودای بیرکردنەوە و تێڕامان لە شیعرەکانی.

کتێبەکەم لەسەر ڕەزامەندیی نووسەر وەرگێڕاوە، پاش خوێندنەوە و بەدڵبوونی وەرگێڕانەکە، بڕیاری چاپکردنیم دا.

بۆ زیاتر خزمەتکردنی لێکۆڵینەوەکە و ڕێخۆشکردن بۆ خوێنەر، تا باشتر لێی تێبگات، لە خوار هەر دێڕەشیعرێکی نالیی و موتەنەببییەوە، بەکورتی ماناکەیم نووسیوە، کە ئەمە لە دەقە عەرەبییەکەدا نەبوو و زیادکراوی خۆمە. بۆ شیعرەکانی نالیی، پشتم بە ڕاڤەی مامۆستایانی **مودەڕڕیس** بەستووە، بۆ شیعرەکانی موتەنەببیش، ڕەچاوی ڕاڤەی شاعیری گەورەی عەرەب، **ئەبو عەلائ ئەلموعەرریم** کردووە. لە هەر جێیەکیش کە بە پێویستم زانیبێت، پەراوێز و ڕوونکردنەوەم داناوە.

هیواخوازم ئەم کتێبە، دەرگای لێکۆڵینەوەی زیاتر بەڕووی ئەدەبی بەراوردکارییدا بکاتەوە، هەروەها خزمەتێکی نالیی شاعیر بکات، کە شاعیری دڵخوازی منە.

جێی خۆیەتی سوپاسێکی تایبەتی مامۆستا **هەژار فەقێ سلێمان** بکەم، کە پێداچوونەوەی بۆ دەقەکە کرد و بە تێبینییەکانی کۆمەکیکردم.

سوپاس بۆ گشت ئەو هاوڕێیانەیش، کە تا کۆتایی لەگەڵم بەردەوامبوون و یارمەتییاندام.

## پێشەکیی نووسەر بۆ چاپە عەرەبییەکە

سەرەڕای ئەو کاریگەریی و کارتێکردنەی لەنێوان هەردوو ئەدەبی عەرەبیی و کوردییدا هەیە، دەبینین لێکۆڵینەوە بەراوردکارییەکانی نێوان ئەم دوو ئەدەبە، کەم و سنووردارە. زۆر لە شاعیرانمان، یەکێک بوون لە خوێنەرە باشەکانی ئەدەبی عەرەبیی، لەسەر ئاستی هۆزە ناعەرەبەکان و عەرەبییان بەباشی زانیوە، ئەوان لەم ئەدەبە قووڵبوونەتەوە.

بۆیە بابەتی لێکۆڵینەوەکەی ئێمە، لەمەڕ دوو شاعیرە کە لە سەردەمی خۆیاندا، بەشێوەیەک دەرکەوتن، لە هەردوو ئەدەبی عەرەبیی و کوردییدا شوێنێکیان بۆ خۆیان جێگیرکرد، ئەوانیش موتەنەببی و نالیین. منیش سیمایەکی دیاری شیعری هەردوو شاعیرم هەڵبژارد، کە لە شاعیرەکانی دیکەیان جودادەکاتەوە؛ ئەویش بەخۆنازینە.

لەم بوارەدا، بەربەستێکی زۆرم بۆ هاتە پێش، چونکە هیچ سەرچاوەیەکی بەراوردکارییم لەنێوان ئەم دوو ئەدەبە نەدۆزییەوە تاکوو پشتی پێببەستم. بەڵام بۆ نووسینی ئەم لێکۆڵینەوەیە، پشتم بە بنەڕەتەکانی زانستی بەراوردکاریی،

لەگەڵ ئەو لێکۆڵینەوانەی لەسەر هەردوو شاعیر کراون لە هەموو لایەنەکانی دیکە، بەست.

هەرچەندە زۆر کەس ڕای پێچەوانە بوو لەسەرئەوەی ئەم دوو شاعیرە بەخۆیان نازیوە، بەڵام لەئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیە، بەڵگەی زۆرم دەستکەوت کە ناوونیشانی لێکۆڵینەوەکەم پشتڕاست دەکەنەوە.

وتەی ڕەخنەگر **دکتۆر سەلاح فەزڵم** بەدڵە، تاکوو پشتگیریی مەبەستەکەم بکەم، کە دەڵێت "داهێنەران پێویستیان بە بەخۆنازینە، تا زاتبکەن داهێنانەکانیان بڵاوبکەنەوە!"[1].

هەروەها "باوەڕهێنان بە توانا، لە بنەڕەتدا باوەڕهێنانە بە هێز و بازوو، کە ئەمیش لە دوو بەڵاوە لەدایکبووە لە ئەدەبی عەرەبییدا، ئەویش بەخۆنازین و دڵنیاییە. دیارە هیچ گەلێک نییە وەکوو گەلی ئێمە، بە بەخۆنازینی شاعیرەکانییەوە ناسراوبێت!"[2].

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە سێ بەش پێکدێت. لە بەشی یەکەمدا، کە دوو تەوەرە، لە تەوەری یەکەمیدا باسی ئەدەبی بەراوردکارییمان کردووە (ناساندن، پێگەییشتن و گرنگترین قوتابخانەکانی). لە تەوەری دووەمیدا، باسی چەمکی

بەخۆنازینمان کردووە، جارێک لەڕووی زمانەوانییەوە، جارێکیش لە دیدی پزیشکانی دەروونناسییەوە.

لە بەشی دووەم، تەوەری یەکەمیدا، باسی ژیانی هەردوو شاعیرمان کردووە. لە تەوەری دووەمیشیدا، باسی گرنگترین خەسڵەتە شیعرییەکانی هەردوو شاعیرمان کردووە.

لە بەشی سێیەم، تەوەری یەکەمیدا، باسی گرنگترین ڕووی بەراوردی شیعری هەردوو شاعیرمان کردووە. لە تەوەری دووەمیشیدا، باسی شۆڕشی هەردوو شاعیرمان کردووە.

چەند دێڕێکی کۆتایش دەمێنێتەوە، بۆ دەرئەنجامی لێکۆڵینەوەکەمان تەرخانکردووە. تاکوو بەم شێوەیە دێینە کۆتایی ئەم هەوڵە خاکییەمان، کە هیواخوازم هەنگاوێک بێت بۆ لێکۆڵینەوەی باشتر و فراونتر، دەربارەی بەراوردی ئەدەبی کوردییمان، بە ئەدەبی عەرەبیی.

# بەشی یەکەم

## تەوەری یەکەم

## ئەدەبی بەراوردکاریی

## ئەدەبی بەراوردکاریی

**ناساندنی**: زۆر کەس لە پێناسەی ئەدەبی بەراوردکارییدا، ڕای جیاوازیان هەبووە، لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی دی و لە قوتابخانەیەکەوە بۆ قوتابخانەیەکی دی پێناسەکان گۆڕاون. بەڵام ئێمە بۆ یەکەم جار ڕووبەڕووی پێناسەیەک دەبینەوە بۆ ئەدەبی بەراوردکاریی، لای **کلۆدیستوا**. ئەو دەڵێت " ئەدەبی بەراوردکاریی، پەسنێکی شیکاریی و بەراوردێکی بابەتییانە و ڕاڤەیەکی ڕێک و درووستە، بۆ دەرکەوتەی زمانەوانیی و ڕۆشنبیریی، لەئەنجامی مێژوو و ڕەخنە و فەلسەفەوە. ئەمیش لەپێناو تێگەییشتنێکی باشتری ئەدەب. بەو پێودانگەی ئەدەب، کەرەستەی جیاکاریی ئاوەزی مرۆڤایەتییە.[3] ئەدەبی بەراوردکاریی تەوەرێکە لە ئەدەبی گشتیی، کە ئەمیش بۆ خۆی بەشێکە لە بەشەکانی مێژووی ئەدەب. ئەویش ڕۆڵی هاوسەنگییانەی ئەدەب، بە کاریگەریی و کارتێکردنەوە و لەنێوان دوو ئەدەب یان زیاتر، دەگێڕێت."[4].

کەواتە ئەدەبی بەراوردکاریی (ئەو زانستەیە کە بەدووی کاریگەریی و کارتێکردنی نێوان دوو ئەدەب و لەسەر هەموو

ئاستەکان، دەگەڕێت؛ ئیدی نێوان دوو نووسەر، دوو زمان و دوو تەوژمی هزریی بێت. هەروەها بەدوای گواستنەوەی جۆرەکانی ئەدەب، لە گەلێکەوە بۆ گەلێکی تر، یان بەخشینی نێوان گەلەکان لە ئاستە جیاوازەکانی مێژوو، دەگەڕێت.[5] ئەدەبی بەراوردکاریی تێگەییشتنێکی هاوچەرخە، هەنووکە بووەتە یەکێک لە گرنگترین زانستەکانی ئەدەب.)[6].

**پێگەییشتنی**: بۆ یەکەم جار ئەدەبی بەراوردکاریی، ساڵی 1827 سەریهەڵدا. کاتێک **فیللمان** ئەم دەربڕینە نوێیەی لە وانەکانی زانکۆی **سۆربۆن** دووبارەدەکردەوە. ئیدی لە ساڵی 1830ـەوە، دەستیکرد بە وانەوتنەوەی ئەم زانستە. لە ساڵی 1840یشەوە، تاکوو ڕۆژگاری ئەمڕۆمان، کتێبگەلێکی زۆر بەو ناوونیشانەوە بڵاودەکرێنەوە.[7]

وەک لەم وتارەدا هاتووە "ئەو دزینە ئەدەبییە جاویدانییانەن، کە هەموو وڵاتەکان دەستاودەستی پێدەکەن."[8].

بەڕای **کۆباردی** قوتابیی **کارێ**وە؛ "مێژووی پەیوەندییە جیهانییەکانی ئەدەب، یان ئەدەبی بەراوردکاریی، نێزی شەست ساڵێک دەبێت دۆزراوەتەوە. ئەدەبی بەراوردکارییش،

لەئەنجامی ئەو هەستەوە سەرچاوەیگرتووە، کە دۆزینەوەی ئەدەبێکی گشتگیری جیهانیی پێویستە."[9].

ساڵی 1886، کتێبی **ئەدەبی بەراوردکاریی** چاپبوو، کە هیی نووسەری ئینگلیزیی، **م. هـ بۆسنتە**. **ئیدوارد ڕۆدیش** وتارەکانی لەمەڕ ئەدەبی بەراوردکاریی، لە زانکۆی **جنێڤ** خوێندەوە. **سۆسڤێل**یش بەشی یەکەمی کتێبی **مێژووی کاریگەریی شارستانییەتی ئاڵمانیی بەسەر فەرەنسییەوە**[10]ی چاپکرد.

بێگومان سەرچاوەکان زۆرن، کە ساڵ لەدوای ساڵ لە وڵاتێکی جیاواز، بەرهەمێک چاپدەبوو، بۆیە ئێمەیش ئاماژە بە هەندێک ناوونیشان دەکەین.

ساڵی 1895، نووسەری فەرەنسیی **جۆزێف نیکست**، نامەیەکی ئاراستەکرد، بە ناوی **ژان ژاک ڕۆسۆ و بنەڕەتی جیهانیی ئەدەب**. ئەمیش بە یەکەم کتێبی گرنگی ئەدەبی بەراوردکاریی دادەنرێت لە فەرەنسادا.[11]

دەکرێت بڵێین، لە گرنگترین ئەو هۆکارانەی یارمەتیی گەشەسەندنی ئەم ئەدەبەی دا، بریتیین لە:

1- یەکەمین وتار و لێکۆڵینەوەکانی زانستی فۆلکلۆر، کە کۆمەڵێک لێکۆڵینەوە دەرکەوتن، گرنگییان بە نموونەی جیهانیی پاڵەوانەکانی مێژوو و ئەفسانەکانیان دەدا.

2- دەرکەوتنی لێکۆڵینەوەکانی نێوان سالآنی 1885 – 1860، کە باسی کاریگەریی ئاڵوگۆڕی نێوان هۆزەکانی دەکرد، ئەمیش ئاڕاستەی سەرەکیی بوو لە ئەدەبی بەراوردکاریی، وەکوو پەیوەندیی نێوان ئەدەبی فەڕەنسیی و ئاڵمانیی، یان کاریگەریی ئەدەبی گەلێک بەسەر ئەدەبی بیانییەوە.[12]

**گرنگیی ئەدەبی بەراوردکاریی:** ئەدەبی بەراوردکاریی، بۆ مێژووی ئەدەب و ڕەخنە، بەمانا هاوچەرخەکەیان، گرنگە. چونکە سەرچاوەی لایەنە دەروونیی و هزرییەکانی ئەدەبی نیشتیمانییە. ئەدەبی نیشتیمانییش، لە سەردەمی گەشەسەندنیدا، لەگەڵ ئەدەبی گەلانی دیکە یەکدەگرێت، بۆ ئاڕاستەکردنی مرۆڤایەتیی و نیشتیمانیی یارمەتییدەدات. بەم یەکگرتنەیش گەشەدەکات و گەورەدەبێت. ئەدەبی بەراوردکاریی، هەر لە سنووری لێکۆڵینەوەی هزرەکان و ڕەگەزە ئەدەبییەکان و دۆسیێ مرۆڤایەتییەکان ناوەستێت، بگرە لایەنی کاریگەریی کتێبەکانی ئەدەبی نیشتیمانیی، بەسەر ئەدەبی جیهانییەوە ئاشکرادەکات.[13]

## ئەدەبی بەراوردکاریی لە دیدی گرنگترین قوتابخانەکانییەوە

**قوتابخانەی فەڕەنسیی**: قوتابخانەی فەڕەنسیی ڕای وایە، لێکۆڵینەوەی ئەدەب لە زمانی دووەم و کاریگەریی گەلێک بەسەر گەلێکی دیکەوە، یان نووسەرێک بەسەر نووسەرێکی دیکەوە، لەڕێگەی ئەم وەرگێڕدراوانەوە دەبێت.[14]

**قوتابخانەی ئەمریکیی**: ئەم قوتابخانەیە لێکۆڵینەوە لە دیاردەی ئەدەبیی، بە گشتاندنەوە، دەکات. بێئەوەی گرنگیی بە بەربەستە سیاسیی و مرۆڤایەتییەکان بدات. ئەمیش لەڕێگەی لێکۆڵینەوە لە مێژوو و کارە ئەدەبییەکان دەبێت، لە گۆشەنیگایەکی یاسادار و بابەتییانەوە. ئامانجی سەرەکیی بەراوردیش لای ئەم قوتابخانەیە، کۆکردنەوەی زانیارییە ئەدەبییەکانمانە، لە پۆلێنێکدا کە لەگەڵ بیروڕا و وتە نوێیەکاندا بگونجێت.[15]

**قوتابخانەی سۆڤیەتیی**: ئەم قوتابخانەیە، بڕوای بە یەکێتیی یاسا مێژوویی و مرۆڤایەتییەکان، کە تا هەنووکە فەرمانڕەوایی کۆمەڵگە مرۆڤایەتییەکان دەکەن، هێناوە. بۆیە دەبینین بابەتەکانی ئەم قوتابخانەیە؛ زانستیی، فەلسەفیی، ئایدۆلۆژیی و مێژووییین. کە ئەمیش بۆ خۆی گرنگە بۆ پێکەوەبەستنی

مرۆڤایەتیی. پاشان ئەم قوتابخانەیە، دەیهەوێت ڕاستیی مێژوویی و ئایدۆلۆژیی، لەدیدی ڕاستیی فەلسەفیی هاوچەرخەوە ئاشکرابکات، کە پەیوەستە بە مارکسیزم و لینینیزم.[16]

# بەشی یەکەم

## تەوەری دووەم

## چەمکی بەخۆنازین

بەخۆنازین لەڕووی زمانەوانییەوە: خۆخەڵەتاندنە بە هەندێک بابەتی وەک؛ پارە و ناوبانگ و نازین بەوانەوە، هەندێک جاریش دەبێتە مایەی کەپووبڵندیی.[17] وەک لە **زمانی عەرەب**دا هاتووە، بەخۆنازین؛ (غرر، غرّهُ, يَغُرّ, غرا و غرورا و غرّةَ, فهو مغرور، غرير, أخدعه و اطمعه بالباطل.)[18]

بەکورتی واتە: بەخۆنازین، خۆخەڵەتاندنە بە شتی پووچ و ساختە.

لە پێناسەی چەمکی بەخۆنازیندا، زۆر ڕستە هاتوون.[19] لەوانە؛ لەخۆدەرچوون و خودئەڤینییە. کەسی بەخۆناز وا خەیاڵدەکات، جوانترینە و بڵندترین پێگەی هەیە.[20] نەرسیزم بە واتای خودئەڤینیی دێت و لەخۆدەرچوونێکی زۆرە، تا ڕاددەی خودپەرستیی و پەسن و شانازییکردن و ڕۆچوون لەم مانایانەدا.[21] **سیگمۆند فرۆیدیش** بەوە ناساندوویەتی؛ خودئەڤینیی و چێژی تاکەکەسییە.[22]

ئەم چەمکە لە کەسایەتیی **نێرگس** یان **نەرسیس**ی ئەفسانەی کۆنی یۆنانییەوە هەڵێنجراوە، کە کەوتە داوی خۆشەویستیی خۆیەوە، کاتێک کە وێنەکەی خۆی لە ئاودا بینی![23]

تایبەتمەندیی کەسی نەرسیست، لەخۆباییبوون و کەمیی هەستە لەگەڵ کەسانی دەورووبەردا. ئەوان هەستیار و دڕدۆنگن بە ڕای کەسانی بەرامبەر. بەهیچ شێوەیەک ناتوانن قاییلبن بە ڕای ئەوانی دی، بێئەوەی هەستی پێبکەن. بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ڕا و پێشنیازی کەسانی دی ڕەتدەکەنەوە. بگرە وای دادەنێن، خۆیان دەزانن بیر لە چیی دەکەنەوە و پێویستیان بە بۆچوونی کەس نییە. نەرسیستەکان لە دەستکەوت و تایبەتمەندییەکانیان زێدەڕۆیی دەکەن، چاوەڕێدەکەن کەسانی دی بەشێوەیەکی تایبەت ددانی پێدا بنێن؛ ئیدی ئەم ددانپێدانانە بەهانە بێت یان نا. داڵغەی سەرکەوتن و هێز و دەسەڵات باڵ بەسەریاندا دەگرێت، وا دەزانن کاری ئەوان ڕێکخستنی شتەکان و خستنەژێر ڕکێفی خۆیانە، چونکە خۆیان ڕاستن و ئەوانی دیکە هەڵەن![24]

# بەشی دووەم

## تەوەری یەکەم

## ژیانی هەردوو شاعیر

دەبوو ژیانی هەردوو شاعیر لە تەوەرێکی سەربەخۆدا باسبکەم، ئەمیش بۆ ڕوونکردنەوەی دوو لایەنی گرنگ، کە دەکرێت لە ژیانی هەردوو شاعیرەوە هەلبهێنجرێن، دواتریش کاریگەریی لە تەوەری داهاتوودا دەردەکەوێت. لایەنی یەکەم؛ دیارییکردنی ماوەی ژیانی هەردوو شاعیرە، تاکوو بزانین کێ سەرەتا کاریگەریی داناوە و، کێ کارتێکراو بووە. لایەنی دووەم؛ پەیوەندیی بە بابەتی لێکۆڵینەوەکەوە هەیە، کە بەخۆنازینە. ئەو ژینگەیەی تێیدا ژیاون، کاریگەریی گەورەی هەبووە بەسەر بەخۆنازینیان. بێگومان ئەمەیش دەرناکەوێت تاکوو چاوێک بە ژیانی هەردوو شاعیردا نەخشێنین.

## 1- ژیانی موتەنەببی

ئەبو تەییب ئەحمەد، کوڕی حسێن، کوڕی حەسەن، کوڕی عەبول سەمەد ئەل جەعفی، لە بەنی جەعفەر، کوڕی سەعدە.[25] موتەنەببی لە ساڵی 303 کۆچیی، کە بەرامبەرە بە 915 زایینیی، لە گەڕەکی **کەندە**، لە **کووفە**، چاوی بە دونیا هەڵهێناوە.

کەندە ئەو گەڕەکە بوو، ئاوارە عەرەبەکان، کە لە ڕۆژانی واڵاکارییدا ئاوارەبوون، پێدا دەڕۆییشتن.[26] موتەنەببی لێرەدا گەشەی بە هونەرەکەی دا، یەکێک لە شوێنە گرنگەکانی شارستانییەتی عەباسیی و گرنگترین شوێنی شیعەکان بوو هەر لە کۆنەوە. بە بەهێزیی یادگە و زرنگیی و هەنژییرڕوانین لە ژیان و توانای هۆنینەوەی شیعر ناوی دەرکردووە.[27] سەرەتای ژیانی بە سوارچاکیی دەستپێکردووە. حەزی لە جەنگ بووە و، چێژی لە کوشتن و بڕین دەبینی![28]

ساڵی 312 ک، **قیرمیتییەکان** دەسەڵاتیان بەسەر کووفەدا دەسەپێنن، بۆیە شاعیر بەرەو **سەماوەی خۆرهەڵاتیی**، کە نزیکە لە کووفەوە، هەڵدێت. بۆ ماوەی دوو ساڵان لەوێندەر

ئاکنجیی بوو، کە تێیدا لەگەڵ ژینگەی کۆچەریی ئاوێزان بوو، تاکوو توانیی زمانی عەرەبیی ڕەسەن بەدەستبهێنێت.

پاشان لە 315 ک، گەڕایەوە کووفە، لەگەڵ یەکێک لە میوانانی ئەوێدا پەیوەندییبەست، بەناوی **ئەبی فەزڵی کووفیی**، کە ڕێبازی قیرمیتییەکانی گرتبوو و ئەم ڕێبازەیشی بۆ شاعیر گواستەوە.[29]

موتەنەببی شاعیرێکی ئاستبڵند و زۆرلەخۆنەکەر* بوو، دەستیکرد بە بڵاڤکردنەوەی نامە و پەیامەکانی دوور لە زیندان. هەروەک **کارڵ برۆکلمان** دەبێژێت "وێدەچێت موتەنەببی دوور لە زیندان بەرەو تەواوکردنی پەیامە ڕاستەقینەکەی ڕۆییشتبێت، ئەویش ئەوەیە، شاعیرێکی زۆرلەخۆنەکەر بێت."[30].

موتەنەببی بە ستایش و پیاهەڵدانی پیاوماقووڵان، لەسەر شێوازی **ئەبی تەمام** و **بەحتەریی**، ناویدەرکردووە.

بە قەسیدە بەناوبانگ و قەشەنگەکانی، ستایشی **سەیفولدەولەی** کردووە. بەڵام پێگەی موتەنەببی لەکن سەیفی دەولە زۆری نەخایاند. چونکە نێوانیان تێکچوو بەهۆی هۆکارێکەوە، کە **ئیبن خەلکان** دەیگەڕێنێتەوە بۆ دەمەقاڵێیەک لەنێوان موتەننەبی و

**ئیبن خالەوەیهی نەحلیی**. گوایە لە نشتگەیەکدا، کە تێیدا سەیفی دەولەیش ئامادەبووە، ئیبن خالەوەیهی ڕەخنەی لە شیعرێکی موتەنەببی گرتووە و پاشانیش لێیداوە! بۆیە موتەنەببیش تووڕە بووە و ڕۆییشتووە بۆ میسڕ.[31]

ڕۆژان تێپەڕی، موتەنەببی بە ئێش و ئازاری زیندان دەتلایەوە. تاکوو **ئیسحاقی کوڕی کیگلیگ** هاتە سەر تەختی میرنشینی **حیمس**. موتەنەببیش ئەم هەلەی قۆستەوە و قەسیدەیەکی بەسۆز و پیاهەڵدانی بۆ ڕەوانەکرد. ئیسحاقیش ڕێگەی هاتنەوەی بۆ خۆشکرد. بۆیە موتەنەببی گەڕایەوە ئاستی جارانی و پیاهەڵدانی خەڵکی دەکرد.

---

(*) وشەی زۆرلەخۆنەکەرم داتاشیوە، بەرامبەر بە وشەی (مطبوع)ی عەرەبیی دامناوە، کە ئەمیش گوزارشتە لە کەسێک، بێ زۆرلەخۆکردن شیعر بنووسێت. (وەرگێڕ).

بەڵام ئەوەی سەیرە، ئەوەیە؛ بەو حاڵەیشەوە هەر وازی لە بەخۆنازین نەهێنا! بگرە نیازی دەردەبڕی، بە ڕووخاندنی ڕژێم و بەڕووی سەیفی دەولەدا هەڵدەگژا.[32] گەڕانەوەی بۆ عێراق، دوایین کاروانی ژیانی بوو. چونکە لە ڕێگەی هاتنەوەدا، کەوتە نێو بۆسەیەکی **فاتیکی ئەسەدیی** و گاڤەکەی، کە موتەنەببی بە شیعرێک خۆی و دایکی داشۆریبوو! بۆیە بەشەڕهاتن و موتەنەببی و کوڕەکەی و نۆکەرەکەی[33]، لە ساڵی 354 ک[34]، لەو شەڕەدا کوژران.

## 2- ژیانی نالیی

ناوی خدری کوڕی ئەحمەدی شاوەیسی ئالی بەگی مکایەڵییە.[35] ساڵی 1800 ز[36]، لە دێی **خاکوخۆڵی** سەر بە شارەزوور لەدایکبووە.[37] وانەی ئایینیی لای مامۆستایانی ئایینیی سەردەمی خۆی، لە سلێمانی، قەرەداغ، سنە، هەڵەبجە و سابڵاغ خوێندووە. هەر لەلایەن مامۆستایانی ئایینییشەوە، بڕوانامەی مەلایەتیی پێدراوە.[38]

نالیی بە پێشەنگی شاعیرانی ناوچەی شارەزوور و میرنشینی بابان دادەنرێت. بەهۆی ئەو هەلە مێژوویی و سیاسیی و کۆمەڵایەتییە تایبەتییەی بۆی لواوە، کە بۆ یەکەم جار شێوەزاری ناوچەی سلێمانیی بەکاربردووە، توانیویەتی توانای ئەدەبیی خۆی وەکوو شاعیرێک، بەو شێوەزارە بەکاربهێنێت. لەم مەیدانەدا نالیی بە سەرکردە دادەنرێت، چونکە لەوەوپێش، شیعری کوردیی بە شێوەزارەکانی **گۆران** و **بۆتان** نووسراون، لەپاڵ زمانی عەرەبیی و فارسیی.[39]

ساڵی 1830 ز، بە مەبەستی حەجکردن، شاعیر سلێمانیی جێهێشتووە. دوای ئەوە دەگەڕێتەوە شام، پاشان لە ساڵی 1835 ز، ڕوودەکاتە **ئەستەنبووڵ**.[40]

کاتێکیش بەرەو **حیجاز** دەچێت، بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکی حەج، کاتگەلێکی سەخت و دژوار بەسەردەبات و هەست بە نامۆیی و بیرکردنی ئاووهەوای پاکی شارەزوور دەکات.[41] کاتێک دەڵێت:

**درونی لدار الشارزوور و بردە**

**کفرمیسک گرم الی آو سردە![42]**

واتە: سۆزی دڵ و دەروونم بۆ دیتنی دار و بەردی شارەزوور، وەک سۆزی فرمێسکی گەرمم وایە بۆ ئاوی سارد و کانیاوەکانی.

کاتێک نالی دەچێتە ئەستەنبووڵ، چاوی بە **ئەحمەد پاشای بابان** دەکەوێت، ئەویش لە فەرمانگەکانی دەوڵەتی ئەوکات دایدەمەزرێنێت. ئیدی هەموو ژیانی لە ئەستەنبووڵ

دەمێنێتەوە.[43] تاکوو هەر لەوێ و لە ساڵی 1856 ز*، کۆچی دوایی دەکات.[44]

---

(*) دەبێت لێرەدا ئاماژە بەوە بدەم، لەو ماوەیەی نووسەر خەریکی ئەم لێکۆڵینەوەیە بووە، وا دەزانرا کە نالیی لە ساڵی ناوبراودا مردووە. بەڵام بەم دواییانە، کتێبێکی **د. هێمن عومەر خۆشناو**، بەناوی (نالی لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا)، بڵاوکرایەوە. تێیدا نووسەر لە بەڵگەنامەکانی دەوڵەتی عوسمانییدا گەڕاوە، ئەوەی بۆ ساغبووەتەوە، کە نالیی، بەپێی بەڵگەنامەیەکی ئەو سەردەمە، درووست لە ڕێکەوتی 1877/11/23 ز، کۆچی دوایی کردووە. جێی خۆیەتی لێکۆڵەران و نالییناسان، لەمەودوا پابەندی ئەم بەروارە بن. (وەرگێڕ).

**بڕوانە:**

نالی لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا/ هێمن عومەر خۆشناو/ چاپی یەکەم/ دەستنووسخانەی زانکۆی سۆران بۆ پاراستن و ساغکردنەوەی دەستنووس/ 2017.

# بەشی دووەم

## تەوەری دووەم

## گرنگترین خەسڵەتە شیعرییەکانی هەردوو شاعیر

## گرنگترین خەسڵەتە شیعرییەکانی موتەنەببی

**بەخۆنازین**: موتەنەببی بڕوایەکی زۆری بەخۆی هەبوو و سەری بۆ کەس، لە هەر پێگەیەکدا بێت، دانەدەواند. خوێنەریش بەئاشکرا لە شیعرەکانیدا، تا نەوترێت بەڵگەیەکی لاوازە، تێبینیی ئەم دیاردەیە دەکات.[45] ئەو خاوەنی خودێکی چاوچنۆک بوو، کە لە ترۆپکی کەپووبڵندییدایە. هەروەها دڵێکی گەورەی هەبوو، کە لە مەترسیی و شەوگار و ڕۆژگارەکان نەدەترسا. ژیانی وی، سرووودی گەورەیی و پیاوەتیی بوو، ئەو پیاوەتییەی ڕۆژگار زەفەری پێبرد![46] شانازییەکەی بەرەو بەخۆنازینی دەبرد. لێرەدا ئێمەیش قسەکانمان بەم دێڕە کورتدەکەینەوە:

**أي محل أرتقي، أي عظيم أرتقي**

**وكل ما قد خلق الله وما لم يخلق**

**محتقر في همتي كشعرة في مفرقي**[47]

واتە: هەموو ئەو بوونەوەرانەی لەپێش موتەنەببی و دوای ئەویش درووستکراون، گشت لە ئاستی گەورەیی موتەنەببییدا، هێندە کەم و بێنرخن، وەکوو تاڵی مووی بنباڵی سەیریاندەکات!

**دانایی**: دانایی لە شیعرەکانی موتەنەببییدا زۆرن و لە هەموو قەسیدەکانیدا بەرجەستەن. داناییەکانی موتەنەببی، لە دەوری ڕقلێهاتنەوەی خەڵکی و بەدگومانیی لێیان و گوێنەدانە ڕۆژگار، دەخولێنەوە. بەئەندازەیەکی زۆر سەرسام بووە بە هێز. لە ژیان و مردن و ڕووداوەکانی ڕۆژگاردا، قسەگەلێکی زۆری هەن.[48] گرنگە ئەوەیش بڵێین؛ موتەنەبیی شیعر و فەلسەفەی ئاوێزانکردووە.[49] بەو شیعرانەی کە مانای فەلسەفە دەگرێتەوە، موتەنەببی ئاسۆیەکی دوور دەبینێت، تاکوو بەردەوامیی پێبدات. لقوپۆپە ئاڵوگۆڕەکان دەبینێت، وەکئەوەی هێمای یاساگەلێکی فراوانتر بن[50]:

**أن السلاح جميع الناس تحمله**

**وليس كل ذوات المخلب السبع![51]**

واتە: هەموو خەڵک چەکی خۆی هەڵگرتووە، بەڵام کەمن ئەو کەسانەی چەکی ڕاستەقینە هەڵدەگرن و دەجەنگن.

**إذا رأيت نيوب الليث بارزة**

**فلا تظنن أن الليث يبتسم![52]**

واتە: ئەگەر کەسێکتان بینی بزەی دەهاتێ، ئەوە مانای قایلبوونی نییە بەو بارودۆخە، بەڵکوو خۆی بۆ هێرش ئامادەدەکات!

**داشۆرین**: موتەنەببی بە سرووشتی خۆی، کەسێکی ڕیسواکراو نەبووە و لە خەونەکانیدا خۆی بچووک نەکردووەتەوە. چونکە بە خۆشەویستیی باووباپیران و مەزنیی گەورە بووە و ڕیسواکردنی ڕەتکردووەتەوە. ئەگەریش خەونی ببینیایە، هۆکارەکەی لاوازیی خۆی نەبووە، بگرە بۆ سەلماندنی تواناکانی بووە. بەڵام ئەگەر هەستی بە ئازار و بچووکیی کرد، ئەوا واز لە خەونەکەی دەهێنێت و دەست دەداتە شمشێر و زوبانی تیژی و دادەشۆرێت![52] داشۆرینیش لای وی، سرک و سەخت و توندە. هیچ سەیرێکیش لەوەدا نییە، چونکە

موتەنەببی کەسێکی کوژەرە و زۆر دڵڕەق و دڕندەیە هەمبەر دوژمنانی و ئەگەر بۆی بلوێت، زەبری کوشندەیان لێدەدات! بەڵام ئەوەی سەیرە؛ ئەو جنێو و قسە توندانەیە، کە دەبوو شاعیر لە شیعرەکانی چاوپۆشیی لێ بکات و بەکاریان نەهێنێت و، زمان و پێنووسەکەی لێ بەدووربگرێت! ئەوەیش سەیرە، کە لە یەک شیعردا، جوانترین قسە داناییەکانی و سەختترین جنێوەکانی کۆدەکاتەوە، چونکە ئاسایی نییە بڵێت:

**لا يسلم الشرف الرفيع من الأذى**

**حتى يراق على جوانبه الدم![55]**

واتە: کەسی شەریف، لەلایەن دوژمنانییەوە شەرەفی لەژێر هەڕەشەدایە. بۆیە هەتا ئەوان نەکوژێت و خوێنیان نەڕێژێت، شەرەفی خۆی بەدەست ناهێنێتەوە!

**والظلم من شيم النفوس فأن تجد**

**ذا عفـــة فلعلــه لا يظلـــم![56]**

واتە: سرووشتی مرۆڤ؛ ستەمکردنە. ئەوی ستەم نەکات، ئەڵبەتە هۆکارێک هەیە ڕێگریی لێ بکات، یان ئەوەتا ناتوانێت، یان دەترسێت!

**پیاهەڵدان:** موتەنەببی شاعیرێکی پیاهەڵدەرە. شیعرە پیاهەڵدانەکانی، بەشی سەرەکیی دیوانەکەی پێکدەهێنن. زۆر جار زێدەڕۆیی دەکات لە پیاهەڵدانی کەسی پیاهەڵدراو، بەوەی نەبەرد و دڵنەرم و زرنگە.[57] موتەنەببی چ باشییەکی لەو کەسەدا نەدەبینی، مەگەر (دونیای پڕ کردبایە و دوای خۆی هەرا و گرمەی بەجێهێشتبایە!). پیاهەڵدانەکانی دەکردە وێنەیەک بۆ ئەو کەسە.[58] پیاهەڵدانەکانی موتەنەببی بە سەیفی دەولە، لە جوانترین پیاهەڵدانەکانین. چونکە سەرەڕای ڕێز و سەرسامبوون بە سەیفی دەولە، زۆریشی خۆشدەویست. موتەنەببی هەندێک جاریش پیاهەڵدانەکانی، دەبردە سەرەوەی ئاستی مرۆڤ![59]:

**لكل امرئ من دهره ما تعودا**

**وعادة سيف الدولة الطعن في العدا**

**هو البحر غص فيه إذا كان ساكنا**

**على الدر وأحذره إذا كان مذبدا![60]**

واتە: هەموو مرۆڤێک، لەنێو ئەو ژینگەیەی پێی ڕاهاتووە، بەردەوام دەبێت. بەڵام سرووشتی سەیفی دەولە، کە لێی جیا نابێتەوە، وەهایە؛ دوژمنەکانی بکوژێت. چونکە ئەو لەسەر ئەو ڕێگەیە ڕاهاتووە. سەیفی دەولە، وەکوو زەریا وایە. ئەگەر هێمن بێت، دەچێتە ناوی و مرواریی لێدەردێنێت. ئەگەریش زەریایەکی قووڵ و بەشەپۆل بێت، خۆی لێ بەدوور دەگرێت و توخنی ناکەوێت! (هێمایە بۆ زرنگیی و ئاقڵیی سەیفی دەولە).

**پەسن**: هونەری وێنەکردنە بە وشە و دەستەواژە. هێنانی وێنەی پەسنکراوە، چ هەستپێکراو بێت یان نا. موتەنەببی بەلێهاتووییە هونەریی و هەست و خەیاڵەکانی، جوانترین تابلۆکانی کێشاوە، کە جووڵە و ژیانی تێدا بەدییدەکرێن. شیعرەکانی لە پەسنکردنی جەنگەکان، لە کانگای هونەرە بەرزەکەیەوە هەڵدەقوڵێن. پەسن، هونەرێکی شیعرییە، تێیدا موتەنەببی، ئەوەی درکی پێبکات، پەسنی دەکات و دەینووسێتەوە. خاوەنی شیعرگەلێکی زۆرە، کە پەسنی خەڵک و ڕەوشتەکانیان، لەگەڵ هێز و جەنگ و سرووشت، دەکات.[61]

پشکی سرووشت لە شیعرەکانیدا کەمن، هەرچەندە لە کەش و سرووشتێکی خۆش و دڵگیردا ژیاوە. بەڵام کۆمەڵە دێڕێکی هەن، لە پەسنی دەریاچەی **تەبەرییە**، کە ئاوێکی هێمن و خۆرێکی گەرمی هەیە. هەروەها پەسنی ئاوەڕۆکانی **بوان**ی کردووە، کە دەکەوێتە باوەشی سرووشتێکی دڵڕفێنەوە، لە خاکی فارس. ئەوەتا پەسنی کەوتنەخوارەوەی قەترە ئاونگەکان دەکات لەسەر چڵی دارێک، کە لە ئاوەڕۆکانی بوانەوە درێژدەبێتەوە. وەکئەوەی دەنکەمرواریی قەشەنگ بن[62]:

**مغاني الشعب طيبا في المغاني**

**بمنـزلـة الـربيع من الزمان**

**ولكن الفتى الـعربي فيـهـا**

**غريب الوجه واليد و اللسان![63]**

واتە: لێرەدا پەسنی ئاوەڕۆی بوان دەکات، کە ئاوەڕۆیەکە دەکەوێتە نێوان دوو شاخەوە، درێژییەکەی بە بیست کیلۆمەتر (چوار فەرسەخ) مەزەندەدەکرێت و، دەکەوێتە وڵاتی فارسەوە. هەمووی دار و سەوزاییە و، لە ئەنجامی ئەمەشدا، خۆر بەر زەویی ناکەوێت. گوایە موتەنەببی سەردانی ئەوێی کردووە.

بۆیە کە شاعیر دێتە پەسنی ئەم ئاوەڕۆیە، دەڵێت؛ لانە و ماڵەکانی ئاوەڕۆی بوان، لە ماڵی ئاسایی خۆشتر و پلەیان لەو بەرزترە. هەروەکچۆن وەرزی بەهار، لە وەرزەکانی دی خۆشترە و پلەیەک لە سەرووی ئەوانەوەیە. بەڵام بەداخەوە، ئەم کوڕە عەرەبییە (مەبەستی خۆیەتی)، لە وڵاتی فارسەکاندا، دەموچاو و زمان و ڕەگەزی نامۆ و جیاوازە.

**غەزەل**: موتەنەببی، هەر لە هەڕەتی لاوێنییەوە، ئەوەندەی هەڵوەدای سەرکەوتن بووە و، بە کێشەی گەلە چەوساوەکەیەوە مژوول بووە، ئەوەندە بەدووی نازدارەکانەوە نەبووە و گرنگیی پێنەداون و شیعری بەسەریاندا نەنووسیوە.[64] لێ سەرەڕای ئەمەیش، غەزەلێکی ناسک و ڕوونی هەیە. هەستی موتەنەببی، ئەو هەستە ناسک و زووکاریگەربوونە لاوەکییە نییە، بەڵکوو بەرز و قووڵە.[65] موتەنەببی بەکەمیی عاشق دەبێت، ئەو ڕایدەگەیەنێت؛ کە لە دڵیدا شوێنی ئەوین نابێتەوە، بەڵام خۆشەویستییدەکات:

**وما كنت ممن يدخل العشق قلبه**

**ولكن من يبصر جفونك، يعشق![66]**

واتە: من لەو کەسانە نیم کە ئەوین بچێتە دڵیانەوە و، توخنی ناکەوێت. بەڵام ئەوەی چاوەکانت ببینێت، دەستبەجێ عاشق دەبێت!

موتەنەببی جوانیی کۆچەرییەکانی خۆشدەوێت. ئەو جوانییە تەنیا لە سیمایاندا دەردەکەوێت، نەک لە جەستە. چونکە جەستەی کۆچەرییەکان، تەنیا باڵا و ڕێکردن و نیگایان دیارە و، ئەمەیش جوانییەکەیانە. چونکە ئەوان دوورن لە خۆدەرخستن[67]:

**ما أوجه الحضر المستحسنات به**

**كـأوجه البدويــات الرعــابيب.**

**حسن الحضارة مجلوب بتطرية**

**وفي البداوة حسن غير مجلوب![68]**

واتە: خانمە شارنشینەکان، هەرچەند جوان بن، هەر هێندەی کۆچەرییەکان ناسک و نازدار و جوانن. جوانیی خانمانی شارنشین، لە ئەنجامی پێشکەوتن و خۆجوانکردنەوە هاتووە، بەڵام جوانیی خانمە کۆچەرییەکان، جوانییەکی سادە و ڕاستەقینەیە.

# گرنگترین خەسڵەتە شیعرییەکانی نالیی

**شانازییکردن**: یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی شیعری کلاسیکی کوردیی. شاعیران شانازیی بە خۆیان و باووباپیران و تیرەکانیانەوە دەکەن. بەڵام نالیی، لەم ڕوانگەیەوە لە شاعیرانی دی جیاوازتر بووە. چونکە ئەو تەنیا شانازیی بە خۆی کردووە، نەک کەسی دیکە. شانازییکردن بە خۆی، لە ئەنجامی مەزنیی و شاعیرێتییەوە بووە لەم مەیدانەدا[69]:

**فارس و کورد و عەرەب، هەرسێم بە دەفتەر گرتووە**

**نالی ئەمڕۆ حاکمی سێ موڵکە، دیوانی هەیە![70]**

واتە: توانای دارِشتنی شیعرم هەیە، بە هەرسێ زمانی (فارسیی – کوردیی – عەرەبیی). نالیی ئەمڕۆ پادشای ئەم سێ موڵکەیە و دیوانی هەیە.

بە واتایەکی دی: توانای نووسینی شیعرم بەم سێ زمانە هەیە. بەرێژەیەک، ئەم توانایە وای لێدەکات، ببێتە پادشای ئەو سێ وڵاتە (فارس- کورد – عەرەب)![71]

**غەزەل**: کاتێک کە خوێنەر چاوێک بە غەزەلەکانی نالییدا دەگێڕێت، وا هەستدەکات، نالیی جگە لە غەزەل هیچی دی نازانێت و، ژیان و شیعرەکانی خۆی تەنیا بۆ غەزەل یەکلایی کردووەتەوە![74] غەزەلەکانی بەسەر **مەحبووبەی** ئەویندارییدا چڕیوە، کە تەواوی هزری نالیی داگیرکردبوو و لە زۆر شیعردا ئامادەگیی هەیە. چونکە نالیی، بەپێچەوانەی موتەنەببی، خاوەنی دۆسییەکی ئەوینە:

**نەمردم من ئەگەر ئەم جارە بێ تۆ**

**نەچم شەرت بێ، هەتا ئەم خوارە بێ تۆ![73]**

واتە: بەڵێ ئەم جارە بێ تۆ نەمردم، بەڵام ئەوەندە دەردی بێتۆییم چەشت، تۆبەی پێکردم لەوەی بێ تۆ بۆ هیچکوێیەک بچم. مەرج بێت جارێکی تر بێ تۆ تەنانەت تا ئەو خوارەیش نەچم.

**قەسەم بەو شەربەتی دیداری پاکەت**

**شەرابم عەینی ژەهری مارە بێ تۆ![74]**

واتە: سوێند بێت بە شەربەتی شیرینی دیداری پاکت، بەهۆی بێتۆییەوە، هەر شەربەتێک دەخۆمەوە، لە دەممدا وەک ژەهری مار وایە.

**ئارەزوو و بیرکردنی نیشتیمان**: هەستی نیشتیمانپەروەریی لە شیعرەکانی نالییدا، بۆ گشت خوێنەرێک بەئاشکرا دیارە.[75] ئەم هەستەی نالیی، بە ڕێژەیەکی زۆر بەرز لەو قەسیدەی بۆ سالمی نارد، دەردەکەوێت. کە خۆی لە شام بوو و، باسی ئارەزوو و سۆسەی سلێمانی و ئاووهەواکەی دەکرد:

**قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆشمروور**

**ئەی پەیکی شارەزا بە هەموو شاری شارەزوور**[76]

واتە: قوربانی تۆزی ڕێگەکەت بم ئەی هەوای خۆشڕەویی، ئەی ئەوەی بە هەموو سووچ و شوێنەکانی شاری شارەزوور ئاشنایت.

**پەسن**: شیعری کوردیی و بەتایبەت هیی نالیی، بە پەسنکردنی سرووشتی قەشەنگی کوردستان ناویدەرکردووە. بەشێوەیەک، ئەم سرووشتە سەرچاوەی ئیلهامبەخشی نالیی بووە و، زۆر بە سرووشتەوە پەیوەست بووە. بەڕێژەیەک، هیچ شتێکی

سرووشتی  بێبەریی نەکردووە، بگرە باسی هەموو شتەکانی کردووە و لە تابلۆیەکی هونەریی جواندا نەخشاندوویەتی[77]:

**گوڵ تاجی لەسەر نا و چەمەن مەخمەڵی پۆشی**

**هات موژدە کە خیلعەت گەییە بەر بە موباهات![78]**

واتە: گوڵ پشکووت و چیمەن بەرگی سەوزەگیای ناسکی پۆشی. موژدە هات کەوا وەرزی بەهار وا دێت و خۆی دەنوێنێت.

ئەمانە و کۆمەڵە ڕەگەزێکی دیکە لە شیعری نالییدا هەن، وەک (نزا، پاڕانەوە، لاواندنەوە، ستایش).

# بەشی سێیەم

## تەوەری یەکەم

## ڕووی بەراوردی هەردوو شاعیر

**لە سەروەختی تێڕامان لە ژیانی هەردوو شاعیر و تێپەڕین و ئاشنابوون بە ڕەگەزە شیعرییەکانیان، هەندێک ڕووی بەراوردی هاوبەش لە شیعری هەردوو شاعیردا بەدییدەکەین، کە لەم خاڵانەدا کورتیاندەکەینەوە.**

## ڕووی یەکەم

موتەنەببی بانگەشەی ئەوە دەکات؛ شیعر و دەنگی ئەو ڕەسەنن و ئەوانی دی هیچ نیین جگە لە دز و لاساییکەرەوەیەک نەبێت:

**أجزني إذا انشدت شعرا فأنما**

**بشعري أتاک المادحون مرددا**

**ودع کل صوت غير صوتي فأنني**

**أنا الطائر المحکي والآخر الصدى**[79]

واتە: ئەگەر شاعیران شیعرێکی جوانیان بۆ خوێندیتەوە، ئەوا وەرە خەڵات بە من ببەخشە. چونکە ئەوان، ئەو واتا جوانەیان لە شیعری من بردووە و بەسەر تۆدا خوێندوویانەتەوە، وەک ئەوە وایە شیعری نووسراوی منیان هێنابێت و، بەناوی خۆیانەوە بڵاویان کردبێتەوە. واز لە هەموو شیعرێک بهێنە جگە لە شیعری من، چونکە من ئەو مەلەم کە دەخوێنم و ئەوانی تر تەنها دەنگدانەوەی منن!

موتەنەببی بانگەشەی ئەوە دەکات، گوایە شاری شیعرە (لەوێوە دەردەچێت و بۆ ئەوێیش دەگەڕێتەوە!)[80]. دەیزانی کە خەڵکی سەرسام کردووە[81] و، شیعرەکانی نەمرن و ژ هەمی سەردەمێن دەمێننەوە. ئەو بڕوای بە هونەرەکەی هەیە، وەکچۆن بڕوای بە خۆی هەیە:

**وما الدهر إلا من رواة قصائدي**

**إذا قلت شعرا أصبح الدهر منشدا![82]**

واتە: ڕۆژگار هیچ نییە، جگە لە بێژەر ودووبارەکەرەوەی شیعرەکانی من. چونکە ئەگەر شیعرێک بڵێم و بنووسم، ڕۆژگار دەستدەکات بە وتنەوەی ئەو شیعرەی من!

مەبەستەکانی موتەنەببی دوورمەودان. (دهر) لە زمانی عەرەبییدا، واتە ڕۆژگار. ئەوە تەنیا ڕۆژگار نییە شیعرەکانی دووبارەدەکاتەوە، زۆری تر هەن، بەڵام لەوانەیە ڕۆژگار مەزنترینیان بێت. بەڵام ئەم ڕۆژگارە چییە؟ ئایا سەردەمە؟

لەوانەیە. بەڵام پێغەمبەر (د.خ) هاوەڵەکانی لەوە ئاگادارکردووەتەوە "جوێن بە ڕۆژگار (دهر) مەدەن، چونکە ڕۆژگار خودایە!". ئایا موتەنەببی بیری لەمە کردووەتەوە؟ یان مەبەستی لە ڕۆژگار؛ خودایە؟[83] ئەگەر وابێت ئەوا موتەنەببی دەگاتە ترۆپکی بەخۆنازین. چونکە ئەوکاتە مانای شیعرەکە دەگۆڕێت و دەڵێت؛ تەنانەت خودایش لاسایی من دەکاتەوە و شیعر لە منەوە دەدزێت!

ئەمە لە کاتێکدا دەبینین نالیی دەڵێت:

**ئەو گەوهەرە نوکتە کە لە نالیی دەدزن خەڵق**

**ئاوی نییە، وەک ئاگری بێشەوقی دزانە![84] ***

---

(*) ئەم دێڕەیش هەمان واتای هەیە:

**شیعری خەڵقی کەی دەگاتە شیعری من بۆ نازکیی؟**

**کەی لە دیققەتدا پەتک دەعوا لەگەڵ هەودا دەکا؟!**

(وەرگێڕ).

واتە: ئەو قسە ورد و پڕ واتایانەی کە وەک مرواریی و گەوهەر وان و هەندێک کەس لە نالیی دەدزن و دەیدەنە پاڵ خۆیان، گەوهەری ناو دەریا نیین و نادرەوشێنەوە. وەک ئەو ئاگرە کز و بێڕووناکییە وان، کە دزان بە شەو دەیکەنەوە، لە ترسی ئەوەی خاوەنماڵ پێیان نەزانێت![85]

**دکتۆر مارف خەزنەدار** لەم بارەیەوە دەڵێت "نالیی وای دادەنێت، خەڵک کە شیعر دەنووسن، شاعیر نیین، بگرە لە نالیی دەدزن. شیعری جوانیش ئەگەر بدزرێت، جوانییەکی ئەوتۆی نامێنێت و شیرینیی خۆی لەدەستدەدات. نالیی وای دەبینێت، شیعرەکانی ڕووناکیی و درەوشانەوەیەکی وەهایان هەن، هەرگیز تەواو نابن!"[86].

## ڕووی بەراورد

دەبینین چۆن هەردوو شاعیر، شیعری خۆیان بە پەسەندتر دەزانن و، بانگەشەی ئەوە دەکەن، کە شیعری شاعیرانی تر لە هیی ئەمانەوە دزراوە. بۆیە گەر شیعری ئەوان بە شیعری ئەم دوو شاعیرە بەراوردبکرێن، لاوازن و چۆکدادەدەن. بەڵام ئەم بەخۆنازینە، لای موتەنەببی زیاترە. بۆیە دەرگایەکی هەمبەر ڕەخنەگران کردەوە، کە گومان لە بیرکردنەوەکانی بکەن، بگرە هەندێک جاریش بە بێباوەڕی لەقەڵەم بدەن! بۆیە ئەم لەخۆدەرچوونە لای نالیی کەمتر بووە.

دەبینین موتەنەببی، لە هەموو ڕەگەزە شیعرییەکانیدا؛ لاواندنەوە، ستایش، داشۆرین، غەزەل و نارەزایی، هەر بەخۆیدا دەنازێت. ئەوەیش سەیر نییە، چونکە ئەو تاک و تەنیایە و هاوشێوەی خۆی نابینێت لە بووندا! خۆی دەپەرستێت و کەس ناناسێت لە زەوییدا، وەک خۆی خودان کەسایەتییەکی مەزن بێت و ئەو خەسڵەتانەی ئەوی تێدا بێت؛ وەکوو ئازایەتیی و شکۆمەندیی و شاعیرێتیی. بۆیە سینەی پڕبووە و بە ڕق و کینە تژیی بووە[87]:

**أمط عنک تشبیهي بما وکأنه فما**

**أحد فوقــي ولا أحد مثلــي!** [88]

واتە: لە لێکچواندنی من بە کەسێکی تر خۆت بەدوور بگرە و من بە کەس مەچوێنە. چونکە کەس لە سەرووی منەوە نییە و کەسیش وەک من نییە![89]

**ئەدۆنیس** دەڵێت "موتەنەببی یەکەیەکی توورەیە و هیچ شتێک قاییلی ناکات. بەڵام یەکەیەکە لە جیهان ڕاناکات و هانا بۆ ئارامیی و هێمنیی نابات. ئەو دووریی هەڵدەبژێرێت و بڕوای بەوە هەیە؛ هیچ کەسێکی مەزن وەک ئەو نییە. هاوڕێی دڕدۆنگیی و 'با'یە. پڕە لە هەستی نیشتیمانپەروەریی، وەکئەوەی لە ڕەگەزی خەڵکانی دیکە نەبێت. چونکە هەموو بچووکن و پەزی شوانن!"[90].

لە نموونەیەکی دیکەدا دەڵێت:

**أي محل أرتقي أي عظيم أتقي**

**وكل ما قد خلق الله وما لم يخلق**

**محتقر في همتي كشعرة في مفرقي![91]**

واتە: هەموو ئەو بوونەوەرانەی لەپێش موتەنەببی و دوای ئەویش درووستکراون، گشت لە ئاستی گەورەیی موتەنەببیدا، هێندە کەم و بێنرخن، وەکوو تاڵی مووی بنباڵی سەیریاندەکات!

هیچ پلە و ئاستێک نەماوە، مەگەر موتەنەببی پێی نەگەییشتبێت و نەیبڕیبێت. هەروەها ئاشنای هیچ مەزنێکی وەکوو خۆی نابێت و لێی ناترسێت. بەڵام ڕاستی نەفەرموو لەو بانگەشەیە، بگرە ئەو گەییشتە ئاستێک لە گەمژەیی!

**ئەل واحیدیی** دەڵێت "مەبەستی ئەوە نییە، کە ئەو بوونەوەرێکە وەک زاتی خودا، چونکە ئەگەر ئەوەی مەبەست بووبێت، ئەوا بەو قسەیە بێباوەڕ دەردەچێت. بگرە ئەو شتەی ویستووە کە خودا درووستی نەکردووە و، بەندەکان کردوویانە. ئەگەریش بێباوەڕ بووبێت، ئەوا بەهۆی سووکایەتییکردن بووە بە درووستکراوەکانی خودا، لەنێویاندا پێغەمبەر و نێردراو و پێمێلکەکان!"[92].

موتەنەببی لە شێتەکانی مەزنایەتییە. بەڵام ئەم شێتییە لە ئاستی ئەوی کەم نەکردەوە. حاڵی ئەو لەگەڵ مەزنایەتییدا، کە خۆشیویستووە، وەک ئەوەیە بڵێت:

**جنـــــنا بليـلى**

**وهي جنت بغيرنا![93]**

واتە: ئێمە شێت و شەیدای لەیلا بووین، کەچی ئەو شێتی کەسی تر بووە!

لە بەرامبەر ئەمەیشدا، تێبینیی شانازییکردنی نالیی بەخۆی دەکەین، چونکە ئەویش وای دەبینێت، هاوشێوەی نییە[94]:

**نالی حەریفی کەس نییە، ئیلف و ئەلیفی کەس نییە**

**بەیتی ڕەدیفی کەس نییە، هەرزەنویسە، گەپ دەکا![95]**

واتە: نالیی هاوشان و هاوڕێی کەس نییە، شیعرەکانی لە هیی کەس ناچن و بڵندترن. بۆ من شیعرنووسین زۆر ئاسانە و بەگەمە و گەپەوە دەینووسم.

نالیی دەیهەوێت ئەوە بسەلمێنێت، کە لە کەس ناچێت و کەسیش لەو ناچێت. کەس هاوشان و نموونەی ئەو نییە، سیما و خەسڵەت و شیعرەکانی لە هیی کەس ناچن و تەواو جیاوازن.

تا ئێرە لە مەبەستی تێدەگەین، کە لە خەڵکیی مەزنترە و لەوان ناچێت. بەڵام کاتێک لە دێڕەکە قووڵدەبینەوە، دەبینین پەسنی کارەکانی دەکات، بەوەی یارییەکن و گرنگیی نادات بە

نووسینیان. بەڵام لێرە تەنها مەبەستی ڕکابەرەکانی نییە، بەڵکوو واتای قسەکەی پێچەوانەیە و ئەوە دەگەیەنێت؛ کە ئەوەی یاریی و گاڵتە دەکات، ڕکابەرەکانین، نەک نالیی خۆی![96]

## ڕووی بەراورد

هەردوو شاعیر خۆیان بە مەزنتر دەزانن و نکۆڵیی دەکەن لە هەبوونی هاوبەش و لێچوو و دۆست، کە لەوان بچێت. بەڵام ئێمە مەیلێک  دەبینین لە موتەنەبببیدا، کە شانازیی بە خۆی و شیعرەکانیشی دەکات. وەلێ بە پێچەوانەی ئەمەوە، نالیی تەنیا شانازیی بە شیعرەکانییەوە دەکات، نەک خودی خۆی.

## ڕووی سێیەم

موتەنەببی شانازیی بەوە دەکات و خۆی پێهەڵدەکێشت، کە بەئاسانیی شیعر دەنووسێت، بەڵام کەسانی دیکە بەزەحمەت لێی تێدەگەن:

**أنام ملئ جفوني من شواردها**

**ويسهر الخلق جراها ويختصم![97]**

واتە: من بەسانایی شیعر دەنووسم و بەبێباکیی دەنووم. بەڵام خەڵکی بەدیارییەوە ئێشکدەگرن تا لێی تێبگەن!

ڕەخنەگرانی عەرەب ڕای جیاوازیان هەیە دەربارەی لێکدانەوەی ئەم دێڕە. هەیە وا لێکیدەداتەوە (بەسانایی شیعر دەنووسم، بەڵام خەڵک شەوان بەدیارییەوە ئێشکدەگرن تا لێی تێبگەن و گەنگەشەیبکەن.)[98]. بەو واتایەی؛ خەڵک شەوان خەو لە خۆیان دەتۆرێنن و بەدیار شیعرەکانییەوە دادەنیشن، لەکاتێکدا موتەنەببی پێڵووی چاوانی لێکدەنێت و بەئارامیی دەخەوێت.

هەندێکی دیکەیش ڕایان وایە (بەئاسانیی مانا و وشەکانی شیعر دێنە بەردەستم و دەیاننووسم، بەڵام خەڵک بەدووی ئەو وشاسازییانەدا دەگەڕێن تا لەڕێگەیەوە شیعر بنووسن، چونکە ئەو تایبەتمەندییە لەواندا نییە!)[99].

خۆشییەکە لەوەدایە؛ کۆمەڵە دێڕێک بە هەمان واتا لای نالیی دەدۆزینەوە. کە ئەویش بانگەشەی ئەوە دەکات؛ خەڵک، بگرە شاعیرانیش بە شیعری نالییەوە خۆیان مژوولکردووە. هەروەها لە شوێنی دیکەدا، بانگەشەی ئەوە دەکات، کە هەڵبەستنی شیعر لای ئەو لە هەموو شت ئاسانترە و تەنیا خۆی ئاشنای نهێنیی پێنووسە، کەسی تر نییە:

**نالی بەداوە شەعری دەقیقی خەیاڵی شیعر**

**بۆ ئەو کەسەی کە شاعیرە، سەد داوی نایەوە![100] ***

---

(*) ئەم دێڕەیش هەمان واتای هەیە:

**بەحسی سیرڕی دەهەنی نوقتە بە نوقتە بگەڕێی**

**سەری موویێ نییە بێ نوقتە لە دیوانمدا!**

(وەرگێڕ).

واتە: نالی بەخەیاڵی شیعری پڕ لە وردەکاریی خۆی، کە دەڵێی تاڵە مووی باریکە، سەت داوی بۆ هەر شاعیرێک ناوەتەوە.

مەبەستی شاعیر ئەوەیە؛ شیعری وی بەرزەفڕە و بەو هونەرە بەرزەیەوە سەت داوی بۆ شاعیرەکان ناوەتەوە. چونکە شیعرەکانی هەڵگری زیاد لە ڕاڤەیەکن و شاعیران ناتوانن شیعرێک بنووسن بگاتە ئاستی شیعرەکانی!

ئەگەریش بمانەوێت هاوواتای مەبەستی دووەمی موتەنەببی، لە شیعری نالییدا بدۆزینەوە، ئەم دێڕە بە نموونە وەردەگرین:

**زاهیر و باتین، لەسەر لەوحی حەقیقەت یا مەجاز**

**ئاشنای سیرڕی قەڵەم بێ، غەیری نالی کەس نەما!**[102] *

واتە: ئەوەی بەئاشکرا یان بەپەنهانیی، ئاگاداری ڕازی پێنووس بێت و، ناوی لەسەر تەختەی ڕاستەقینەی ناوی ئاگادارساندا نووسرابێت لەم جیهانەدا، لە نالیی بەولاوە، کەسی دی نەما!

---

(*) ئەم دێڕەیش هەمان واتای هەیە:

**نالی کە قەدەحنۆشە، مەستانە وو سەرخۆشە**

**خامۆش و نەمەدپۆشە، ئەشعاری لەکن پەشمە!**

(وەرگێڕ).

دکتۆر مارف خەزنەدار دەڵێت "بۆمان دەردەکەوێت، وشە و شیعری جوان، هەمووی بە پێنووسی ئەو نووسراون. یان؛ کاتێک پێنووس دەستدەکات بە نووسینی وشە و شیعری جوان، جگە لە نالیی، کەسی دی ناتوانێت بەکاریبهێنێت."[103].

هەردوو شاعیر بانگەشەی ئەوە دەکەن، خەڵکیان بە شیعری خۆیانەوە مژوولکردووە. موتەنەببی دەڵێت؛ خەڵک شەوان بەدیار شیعرەکانییەوە ئێشکدەگرن، تاکوو بەدووی واتاکانیدا بگەڕێن. بەڵام نالیی دوورتر دەڕوات و بەخۆنازتر دەردەکەوێت، چونکە ئەو دەڵێت؛ تەنانەت شاعیرەکانیش (نەک تەنیا خەڵک)، کەوتوونەتە داوی شیعرەکانییەوە! ئەمە بۆ واتای یەکەم.

بۆ واتای دووەمیش؛ هەردوو شاعیر، وتوویانە کە بەئاسانیی شیعر دەنووسن و وشە و دەستەواژەکان دێنە بەردەستیان، چونکە ئەوان دوو شاعیرن کە نموونەیان نییە. بەڵام لێرەشدا نالیی دوورتر دەڕوات و بەخۆنازتر دەردەکەوێت. ئەوەتا دەڵێت؛ ئەوەی ئاشنای ڕازی پێنووس بێت و ئاگاداری واتای ڕاستەقینەی ڕووکەش و ناوەڕۆک بێت، تەنیا نالییە. بەپێچەوانەی موتەنەببی، کە هەلێک بە هاوشاعیرەکانی دەدات، چونکە دەڵێت؛ ئەگەر شەوان بەدیارییەوە خەریک بن، لەوانەیە لەوە تێبگەین، کە موتەنەببی بەئاسانیی چنگی کەوتووە.

## ڕووی چوارەم

موتەنەببی لە دوورەپەرێزییدا دەژی، کەسە مەزنەکانیش هەمیشە لە دوورەپەرێزییدان. لەوانەیە لەبەر خەڵک و لەگەڵیاندا بژی، لەوانەیشە تەنانەت ژیانی خۆی، بۆیان بکاتە قوربانیی. بەڵام سەرەڕای ئەمانە، ئەو هەر لە دوورەپەرێزییدایە. دوورەپەرێزیی درووستکراو و ئامانجی درووست، وەکئەوەی نموونەی هەموو مرۆڤێک بێت[104]:

**أنا في أمة تداركها الله**

**غريب كصالح في ثمود**[105]

واتە: من لەنێو گەلەکەمدا نامۆم، وەکچۆن **پێغەمبەر ساڵەح** (ڕ.خ) لەنێو گەلی **سەموود**دا نامۆ بووە.

لێرەدا موتەنەببی، نامۆیی خۆی دەباتە ئاستی نامۆیی پێغەمبەر ساڵەح، چونکە ئەو لەنێو گەلی سەموودد ا نامۆ بووە و هەمووان ڕا و بۆچوونەکانیان ڕەتکردووەتەوە.[106]

لە نموونەیەکی دیکەدا دەڵێت:

**أنا ترب الندى ورب القوافي**

**وسمام العدى، وغيظ الحسود[107]**

واتە: من برای بەخشندەیی و خاوەنی شیعر و دانەری سەروام، کە هیچ کەسێک لەوەوپێش وا نەبووە. من دوژمنەکانم دەکوژم و وەکوو ژەهر وام بۆیان، دەبمە چقڵی چاوی چاوچنۆکان، چونکە ئەوان شکستی منیان دەوێت![108]

بەڵام هەر دەبێت ڕۆژێک لە ڕۆژان، گەل قەدری ئەم شاعیرە بزانن و درک بە ڕاستیی ئەم مرۆڤە شۆڕشگێڕە بەرەنگارە بکەن.[109] موتەنەببی خۆی بڕیار لەسەر ئەمە دەدات:

**سيعلم الجمع ممن ظم مجلسنا**

**بأنني خير من تسعى به قدم[110]**

واتە: ڕۆژێک ئەو کەسانەی لەگەڵمدا دانیشتبوون، درک بە گەورەیی و لێهاتوویی من دەکەن.

ئەم هەستی دوورەپەرێزییەی موتەنەببی، لە ئەنجامی ئەوەوە دێت، کە خۆی بە گەورە دەزانێت و خەڵکیش بە بچووک. موتەنەببی پاڵەوانێکە وەکوو هەردوو پێغەمبەر **مەسیح** و ساڵەح، کە لەلایەن **یەهوود** و سەموودەوە ڕەتکرانەوە. لەم دێڕەی موتەنەببییدا، نەرسیستیی و بەخۆنازینێکی قووڵ هەیە.

دەوترێت بەم دێڕە شیعرە (أنا في أمة...) نازناوی موتەنەببی لێنراوە.[111] موتەنەببی لە زمانی عەرەبییدا واتە (خۆبەپێغەمبەرزان)، بۆیە هەندێکی دیکە وای بۆ دەچن، کە لەبەرئەوەی خۆی بە پێغەمبەر و نێردراوی خودا زانیوە و، لە سەرووی پادشاکانەوە بووە، ئەو نازناوەی لێنراوە.

دەیشوترێت بانگەشەی پێغەمبەرایەتیی لە **سەماوە** کردووە، کۆمەڵێک کەسیش لە هۆزی **بەنی کەلب** دوایکەوتوون! گوایە هەندێک قسەیشی کردووە، وتوویەتی ئەمانە ئایەتن و بۆی دابەزیون! لەوە سەیرتریش ئەوەیە؛ هەندێکیان باوەڕیان هێناوە کە قورئان بۆ موتەنەببیش دابەزیوە![112]

قسەوباسەکان لەمەڕ پێغەمبەرایەتیی موتەنەببی جیاوازن. هەیە پشتڕاستی دەکاتەوە و دەڵێت وایە، بگرە دەڵێت بانگەشەی بۆ کۆمەڵێک پەرجوویش کردووە و، هیچ نەنگییەکی لەوەدا نەبینی، خۆی بە پێغەمبەر بچوێنێت![113]

**تەها حسێن** ڕای وایە "موتەنەببی بانگەشەی پێغەمبەرایەتیی نەکردووە، بەڵام هەموو شتێکی ڕەتدەکردەوە، لەنێویاندا ئایین و فەرمانڕەوا و ڕژێم. ددانی بە هیچ شتێکدا نەدەنا، خۆی نەبێت!"[114].

لەکاتێکدا نالیی دەڵێت:

**عومرێکە بە میزانی ئەدەب توحفەفرۆشم**

**زۆرم وت و کەس تێینەگەیی، ئێستە خەمۆشم![115]**

واتە: دەمێکە بە سەنگ و تەرازووی ئەدەب، شیعری جوان و لەبەردڵان بەنێو خەڵکدا بڵاودەکەمەوە و عەنتیکەفرۆشم. بەڵام ئاستی تێگەییشتنی خەڵک ئەوەندە کەم و نەویی بوو، هەرچیم دەوت کەس لێم تێنەدەگەییشت. بۆیە ئێستە وا بێدەنگ بووم و خامۆشم.

ئەم دێڕە بانگی ناقایلبوونی نالییە، بەرەو ڕووی کۆمەڵگای دەنێرێت، ئەو کۆمەڵگایەی چاوی لە هەژاران نییە و بەهای شاعیران و هونەرمەندان نازانێت. ئەو کۆمەڵگایەی، چینی دەوڵەمەندی دەنێو چێژ و خۆشیی و ستەمدا نغرۆبوون. ئەگەر بۆ جارێک بە ڕێککەوت، لایەکیان لە هونەر و شیعری جوان کردەوە، ئەوە تەنها بۆ پڕکردنەوەی ئارەزووەکانیانە![116]

کاتێک نالیی چاوێک بە دەوروبەریدا دەخشێنێت و، ئەو جیاوازییە قووڵەی نێوان تواناکانی و ئاستی تێگەییشتنی کۆمەڵگا دەبینێت، خامۆشی و خەم دایدەگرێت و دەڵێت؛ ئەو لە خۆشییەکانی دونیا خۆی بێبەشکردووە، چونکە هونەر و شیعرەکەی ئازیزترین شتن لای ئەو و هەر ئەوان گرنگترن. لەکاتێکدا خەڵک بەهای ئەم هونەرە نازانن.[117] بەخۆنازینی نالیی، لە ئەنجامی دوورەپەرێزییەوە سەرچاوەیگرتووە و، وای لێکردووە زێدەڕۆیی بکات لە گەورەیی شیعرەکانی. تاکوو وای لێهاتووە بڵێت؛ ئەوەی شیعرەکانی دەخوێنێتەوە، درک بەوە دەکات هێشتا پەرجوو ماوە!:

**نالی یەک و ئەوکەس کە تەمامی غەزەلی بیست**

**مەعلوومی بووە زۆر و کەمیی خاریقی عادات![118]**

واتە: نالیی یەک کەسە، بەڵام ئەوەی ئاگای لە هەموو شیعرەکانی هەبێت، بۆی دەردەکەوێت کە کردارە سەرووسرووشتییەکان ماون یان نا.

کرداری سەرووسرووشتیی؛ کردارگەلێکە لە توانای مرۆڤی ئاساییدا نیین و، خودا بە چەند کەسێکی بژاردەی خۆی دەدات.

**محەمەدی مەلا کەریم** دەڵێت "لەم دێڕەدا، نالیی شیعرەکانی دەباتە ئاست پەرجووی پێغەمبەران!"[120].

1- دوورەپەرێزیی موتەنەببی، لەو هەستەوە هەڵدەقوڵێت، کە خەڵکی وڵاتەکەی دوژمنی ئەون. بەڵام دوورەپەرێزیی نالیی، لە ئەنجامی ئەوەوە دێت، خەڵکانی دەورووبەری لە شیعرەکانی ناگەن.

2- بەخۆنازینی موتەنەببی، دوای دوورەپەرێزییەکەی، وای لێکرد بانگەشەی پێغەمبەرایەتیی بکات. لەکاتێکدا بەخۆنازینی نالیی، بەو ئاستەی نەبردووە کە بانگەشەی پێغەمبەرایەتیی بکات. تەنها ڕایگەیاندووە، کە ئەدەب و هونەرەکەی سەرووسرووشتن، وەکوو پەرجووی پێغەمبەران. وێدەچێت لایەنی هزریی لای هەردوو شاعیر (موتەنەببیی بێباوەڕ) و (نالیی میراتگری قوتابخانەی ئیسلامیی)، کاریگەریی لەسەر ئاستی بەخۆنازینەکەیان هەبووبێت. چونکە نالیی ناتوانێت ئەو ڕێچکە ئایینداریيەی هەر لە منداڵییەوە لەسەری ڕاهاتووە، بشکێنێت. بەپێچەوانەی موتەنەببی، کە لە سەردەمێکدا ژیاوە، پڕوپاگەندە و بیروڕای زۆر هاتبوونە کایەوە.

# بەشی سێیەم

## تەوەری دووەم

## شۆڕشی هەردوو شاعیر

مێژوونووسان ڕای جیاوازیان هەیە هەمبەر شۆڕشەکەی موتەنەببی. هەیانە بڕوای وایە، شاعیر یەک جار و لە **سەماوە** شۆڕشیکردووە. هەیشیانە وای بۆ دەچێت، دووجار شۆڕشی کردووە. جارێک لە **کووفە**، کە مۆرکێکی ئاسمانیی پێوە دیار بووە. جارێکیش لە سەماوە، کە لەنێو هۆزی بەنی کەلبدا بانگەشەی پێغەمبەرایەتیی کردووە و هەندێکیش دوای کەوتوون و باوەڕیان پێهێناوە.[121]

موتەنەببی وای بینیوە، ماف تەنیا بۆ هێزە. بۆیە هێزی پیرۆزکردووە و کردوویەتی بە یەکێک لە مەرجەکانی ژیان:

**ولا تحسبن المجد زقا وقينة**

**فما المجد إلا السيف والفتنة البكر**[122]

واتە: خۆت سەرقاڵ مەکە بە چێژ و ئارەزووەکانی دونیاوە، چونکە لەوەوە شکۆمەندییت دەست ناکەوێت. بەڵکوو شکۆمەندیی، بە شمشێر و جەنگان دەستدەکەوێت.

ئەو سەردەمەی تێیدا ژیاوە، فێریکردووە ماف تەنیا بۆ هێزە. ئەوەیشی فێرکردووە، ناتوانیت بەهیچ شتێک بە مافەکانت بگەیت، تەنها لەڕێگەی شۆڕشەوە نەبێت.[123]

وا دیارە موتەنەببی ڕووبەڕووی چەند هۆکارێک بووەتەوە، کە بۆ شۆڕش هانیداوە. یەک لەوانە؛ هاتنەسەر تەختی عەجەم و دوورکەوتنەوە و ملکەچیی عەرەبەکان بوو. بۆیە موتەنەببی، وەها پەسنی گەل و سەرکردەی ملکەچ دەکات، کە کەرویشکن و لەوە زیاتر نیین:

**بكل أرض وطئتها أمم**

**ترعى  بعبد كأنها غنم**[124]

واتە: چوومە هەر جێگەیەکی ئەم سەرزەمینە، گەلێکم بینی، کۆیلە ببووە سەرکردەیان. گەلەکەیش وەکئەوەی مەڕی لای شوان بن، هەوڵی خۆدەربازکردن نادەن!

پاشان دەڵێت:

**أرانب غير أنهم ملوك**

**مفتحــة عينــم نيـام**[125]

واتە: ئەم پادشایانە، لەڕاستییدا کەرویێشکن! ئەوان چاویان کراوەتەوە، بەڵام وەک ئەوە وایە، لە نەزانیی خۆیاندا خەوتبن.

هەروەها دەڵێت:

**أسيرها بين اصنام أشاهدها**

**ولا أشاهد فيها عفة صنم**[126]

واتە: لەنێو گەلێکدا کە وەکوو بت وان، ڕێدەکەم و دەیانبینم. بەڵام ئەو پاکییەی لە بتدا هەیە، لەواندا بەدیی ناکەم!

شاعیر لەنێوان تواناکانی خۆی و کۆڵدانی ئەوانی دی جیاوازییدەکات، چونکە ئەو کەس لە سەرووی خۆیەوە نابینێت!

**أن أكن معجب فعجب عجيب**

**لم يجد فوق نفسه من مزيد!**[127]

واتە: ئەگەر بەرامبەر ئەوانەی هەمە، خۆم بەزلزانی، ئەوە سەیر و نامۆ نییە. چونکە من لە سەرووی خۆمەوە کەس نابینم!

خودی هەڵدەستێتەوە و چاوی لە شتی بێسنوور و زیاترە، چونکە ئەو مرۆڤێکی ئاسایی نییە، کە کات و ڕۆژگاری خۆی بۆ شتی کەم و خەونی پووچ تەرخانبکات[128]:

**ليس التعلل بالآمال من أربي**

**ولا القناعة بالأقلال من شيمي[129]**

واتە: خۆهەڵواسین بە هیوا و خەونەکان، بێئەوەی پێیان بگەم، کار و پیشەی من نییە. قایلبوونیش بە هەژاریی و کەساسیی خووی من نییە، بەڵکوو من پلەیەکی بەرز دەخوازم.

ئەدۆنێس دەڵێت "موتەنەببی یەکەیەکی تووڕەیە و هیچ شتێک قاییلی ناکات. بەڵام یەکەیەکە لە جیهان دانابڕێت و هانا بۆ ئارامیی و هێمنیی نابات. موتەنەببی یەکەی ڕووبەڕووبوونەوەی جیهان و یارییکردن لەگەڵی و تێپەڕاندنێتی. مەزنیی ئەو بۆ بەڵایەک هەڵدەگەڕێتەوە، کاتێک هەوڵی دامرکاندنەوەی بڵێسەی یەکەم دەدرێت."[130].

لە سینەی شاعیردا، دڕیەکێکی سەخت خۆی مەڵاس دابوو، لە کاتێکدا هەستی بە گرنگیی خۆی دەکرد، بەڵام پادشا و دەسەڵاتداران، جگە لە هەندێکیان، وەکوو ستایشکارێکی چڵکاوخۆر مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرد. لێرەدا گرێکوێرەی دوورەپەرێزییەکەی (گرێی پادشا)، تۆزێک دەکرێتەوە. بۆ کردنەوەی ئەم گرێیەیش بەتەواویی، دەستی دایە چەک و بۆ ماوەی دوو ساڵ جەنگا![131]

تەها حسێن ڕای وایە "دوژمنانی موتەنەببی، بەردەوام سووکایەتیان پێدەکرد و بە گێلیان ناوزەد دەکرد، بۆیە ئەمەیش موتەنەببیی بۆ شۆڕش هاندا."[132].

بەخۆنازین لە وتەکانی موتەنەببیدا دەردەکەوێت، بەوپێیەی دەڵێت؛ کەس نەما بەرگریی لەم گەلە بکات و مافەکانی بپارێزێت، سەرکردە و پادشا بن، یان بنکردە و خەڵکی ئاسایی، جگە لە ئەو. چونکە کەس نییە لە سەرووی ئەو، بۆیە دەبێت هەر ئەویش شۆڕشبکات. هەر ئەوەندە بەسە ئەو قسە بکات، تاکوو بەخۆنازینێکی زۆر بنوێنێت. چونکە ئەو لە شۆڕشەکەیدا ددانی بە هاوشان و هاوخەباتێکدا نەناوە.

نالییش بە ڕوویەکی دیکەدا شۆڕشدەکات. لەناو سلێمانییدا، ئاگری شۆڕشێکی نوێ دادەگیرسێنێت. شۆڕشێک، چووە نێو ئەدەبی کوردییەوە و دەرگایەکی بەڕووی شەیدایانی ئەدەب والاکرد.[133] ئەو دەرگایەیش، بەکارهێنانی کێشی عەرەووزی عەرەبیی بوو، لە نووسینی شیعری کوردییدا. ئەمەش بووە هۆی درووستبوونی دووبەرەکییەک لەگەڵ نەیارانی، چونکە ئەوان ئەم کارەی نالییان بە تازەداهێنراو و ناباو ناوزەد دەکرد. بەڵام نالیی، لە قوتابخانە نوێیەکەی بەردەوام بوو و، خۆی بە پادشای ئەدەب دەزانی:

**تەبعی شەککەرباری من، کوردی ئەگەر ئینشا دەکا**

**ئیمتیحانی خۆیە مەقسوودی، لە عەمدا وا دەکا[134]**

واتە: زەوقی شیرینی نالیی، کە بەلای ئەوەدا دەچێت بە کوردیی شیعر بنووسێت، لەبەر ئەوە نییە کە کوردییەکە ئاسانە و دەسەڵاتی بەسەر عەرەبیی و فارسییەکەدا ناشکێت. بەڵکوو لەبەر ئەوەیە؛ دەیەوێت خۆی تاقییبکاتەوە، بزانێت شتێکی نوێی لەدەست دێت کە لەوەوپێش نەکرابێت، ئەویش نووسینی شیعری کوردییە، لەسەر عەرووزی عەرەبیی!

نالیی وای دادەنێت، کۆمەڵە کەسانێک هەن، لەسەر شیعرنووسین بەو شێوازە دژایەتیی دەکەن. یان لەوانەیە نالیی خەیاڵی ئەوەی کردبێت. ئەم خەیاڵکردنەیش لە ئەنجامی ئەوەوە دێت، کە خۆیشی دەیزانی لە باو دەرچووە و لاسایی یاساکانی شیعرنووسینی پێشووی نەکردووەتەوە.[136]

نالیی تەنیا بڕیاری ئەوەی نەدابوو شیعر بە کوردیی بنووسێت، بەڵکوو خۆیشی خستە بەردەم تاقییکردنەوەیەکی گەورەوە. داخۆ دەتوانێت میرنشینێکی شیعریی چێبکات، کە ڕکابەریی میرنشینی سیاسیی بکات و، خۆیشی بکاتە میری ئەو میرنشینە؟![137]

**عەتا قەرەداغیی*** لە ڕاڤەی ئەو دێڕەی سەرەوەدا دەڵێت "نالیی دەیەوێت گوتاری کوردیی بنیاتبنێت. گوتاری مانەوە لای نالیی، بووە ڕۆحی جیهانگیریی شیعری ئەو قۆناغە."[138]. نالیی لە شاعیرێتییدا، خۆی بۆ ئاستی پادشا و میر بەرزدەکاتەوە.[139] میرنشینێکی شیعریی بنیاتنا و

(*) نووسەر و ڕەخنەگرێکی کوردە.

خۆی تێیدا بووە میر، کە لە ڕێگەیەوە ڕکابەرایەتیی میرنشینی بابانی دەکرد[140]:

**زابیتەی تەبعم سوارە، ئیددیعای شاهیی هەیە**

**موحتەشەم دیوانە، داوای تەختی خاقانی دەکا![141]**

واتە: زەوقی شیعرنووسینم سوارە، لە مەیدانی شیعرنووسیندا بانگەشەی پاشایەتیی دەکەم و داوای بوون بە خاقانی وڵاتی شیعر دەکەم.

نالیی وا ئەندێشەیکردووە، کە بووەتە پادشای شاعیران، پاشئەوەی لە دێڕەکانی ڕابردوودا داوایکردبوو.

هەردوو شاعیر، هەریەک بە ڕێگەی خۆی، شۆڕشدەکات. شۆڕشەکەی موتەنەببی، تێیدا داوای پادشایەتیی دەکات و ڕەخنە لە میر و دەسەڵاتداران دەگرێت. کۆمەڵێک دۆسێی سیاسیی لە شیعرەکانیدا ڕووندەکاتەوە، وەک؛ هاتنەسەرتەختی عەجەم و ڕەخنەلێگرتنیان. موتەنەببی زاتیکردووە، شۆڕش بەرامبەر هەموو شتە ترسناک و پیرۆزەکان بکات، وەک دەسەڵاتدار و ئایین و هەموو خەڵک!

بەڵام بە ڕووەکەی دیکەدا، دەبینین شۆڕشەکەی نالیی، شۆڕشێکە بەرامبەر ئەدەب و شیعر، تێیدا داوای پادشایەتیی شیعر و خاقانیی میرنشینی وشە دەکات. بۆیە هەمبەر ڕکابەرانی شۆڕشدەکات و، ئەوە دەردەخات کە شیعری ئەوان سادە و ساکارە. بەرگریی لە هەموو شتەکانی خۆی دەکات، وەکئەوەی بانگەشەیەکی سەرنجڕاکێشی شۆڕشگێڕانە بێت، کە وا خەیاڵی شۆڕش دەکەن؛ هیچ کەموکورتییەکی تێدا نییە!

## دەرئەنجام

بێگومان ئەدەبی عەرەبیی و کوردیی، کاریگەرییان لەسەر یەکتر جێهێشتووە. ئەویش لەبەر چەند هۆکارێک، کە گرنگترینیان؛ ئاوێزانبوونی شارستانییەتی هەردوو ڕۆشنبیریی عەرەبیی و کوردییە. هەروەک **عەلائەددین سوجادی** دەڵێت "نالیی زۆر بەرهەمی ئەدەبی عەرەبیی خوێندووەتەوە، ئەمەیش کاریگەریی لەسەر خۆی و شیعرەکانی داناوە."[143]. لەبەرئەوەی موتەنەببیش لە پێشەنگی شاعیرانی عەرەبە و، چەند سەدەیەک پێش نالیی ژیاوە، بۆیە ئێمە وا دەزانین نالیی بە موتەنەببی کاریگەر بووبێت. بگرە وایشی بۆ دەچین؛ دەقە شیعرییەکانی هەردوو شاعیر، دەقئاوێزانیان* تێدایە. بۆیە ئەمە وامان لێدەکات ڕۆبچینە قووڵایی ئەو دەقئاوێزانەی لەنێوان دەقە شیعرییەکانی هەردوو شاعیردا هەن، بەڵام ئەمە کاریگەریی

لەسەر ناوونیشانی لێکۆڵینەوەکەمان دادەنێت. بەو هیوایەی هاوڕێیانمان ئەو ڕێگەیە تەواوبکەن.

---

(*) دەقئاوێزان: ئەوەیە دەقێکی ئەدەبیی، ڕستە یان هزرگەلێکی تێدا بێت، کە پێشتر لە دەقی دیکە هەبووبن. ئیدی بە ئاماژەپێکردن، لێوەرگرتن، باسکردن، یان هەر شێوەیەکی دیکە بێت بەگوێرەی ئاستی ڕۆشنبیریی نووسەرەکە. بەشێوەیەک ئەو دوو دەقە ئاوێزان و تێکەڵدەبن و، دەقێکی نوێی لێ بەرهەمدێت.

# پەراوێزەکان


1- www.metransparent.com\texts\salah-fadhl-interview.htm

2- www.iraqiwriter.com\iraqi-text\iraqitext\issue-2\iraqi-textissue-2-4.htm

3- دراسات في الأدب المقارن والمذاهب الأدبية/ د. صفاء الخلوصي/ 6/ مطبعة الرابطة بغداد/ ط 1/ 1957.

4- دراسات في الأدب المقارن التطبيقي/ د. داود سلوم/ 11/ دائرة الشئون الثقافية والنشر دار الحرية للطباعة/ بغداد/ 1984.

5- دور الأدب المقارن في توجيه دراسات الأدب العربي المعاصر/ محاضرات أتەوەراها الدكور محمد غنيمي هلال/ 15/ ط1/ مطبعة العالمية 1962.

6- مدارس الأدب المقارن دراسة منهجية/ سعيد علوش/ 12/ المركز الثقافي العربي/ ط 1/ 1987.

7- دراسات في الأدب المقارن والمذاهب الأدبية/ 7.

8- دور الأدب المقارن في توجيه دراسات الأدب العربي المعاصر/ 17.

9- دراسات في الأدب المقارن والمذاهب الأدبية/ 7.
10- دراسات في الأدب المقارن التطبيقي/ 19.
11- الأدب المقارن/ ماريوس فرانسوا جويار، م. ف. جويار/ 3/ ترجمة محمد غلاب، راجعه د. عبدالحليم محمود/ وزارة التربية والتعليم بمصر/ ط 1.
12- دراسات في الأدب المقارن التطبيقي/ 19.
13- دور الأدب المقارن في توجيه دراسات الأدب العربي المعاصر/ 16.
14- دراسات في الأدب المقارن والمذاهب الأدبية/ 6.
15- مدارس الأدب المقارن دراسة منهجية/ 94.
16- محاضرات في الأدب المقارن/ الدكتور ضاهر...
17- الرائد: معجم لغوي عصري/ جبران مسعود 1076/ 2/ دار العلم للملايين، بيروت، لبنان/ ط 4/ يوليو 1981.
18- لسان العرب/ أبي الفضل جمال الدين محمد بن مكرم ابن منظور المصري 29/ 11/ دار الصادر بيروت 2000.
19- چەمكی نەرسیست لە ڕۆشنبیرییەتی ڕۆژئاوایی، بەرامبەر بە وشەی بەخۆنازین دێت.
20- گرنگترین نەخۆشیە دەروونیەكان/ جلال خلف ژاژڵەیی/ 187/ مطبعة بةغداد 1986.
21- هەندێک نەخۆشی و گرفتی دەروونی و کۆمەڵایەتی/ کەریم شەریف قەرەچەتانی/ 48/ هەولێر/ چ 1/ ئابی 1999.

22- اصول الطب النفساني/ الدكتور فخري الدباغ/ 28/ ط 1/ 1974.
23- الموسوعة النفسية/ الدكتور أسعد رزوق/ لا 308-309/ راجعه الدكتور عبدالله عبدالكريم/ المؤسسة العربية للدراسات والنشر/ ط 1/ آيار مطابع الشروق، بيروت، 1977.
24- الدكتور سامر جميل رضوان/
HTTP://DE.GEOSITIES.COM/PSYCHOARAB
25- تاريخ الأدب العربي/ د. عمر فروخ/ 457/ 2/ دار العلم للملايين، بيروت/ ط 1/ 1968.
26- الأدب العربي في العصر العباسي/ د. ناظم رشيد/ 226/ مديرية دار الكتب للطباعة والنشر 1989.
27- تاريخ الأدب العربي/ حنا فاخوري/ 598/ مكتبة البوليسية/ بيروت- لبنان/ ط 6.
28- المتنبي/ صادق صالح العاني/ 5/ بغداد 2001.
29- تاريخ الأدب العربي/ حنا فاخوري/ 598.
30- تاريخ الأدب العربي/ كارل بروكلمان/ 82/ 2/ نقله الى العربية الدكتور عبدالحليم النجار/ دار للمعارف/ ط 4/ 1977.
31- تاريخ الأدب العربي/ كارل بروكلمان/ 82/ 2.
32- أمراء الشعر العربي في العصر العباسي/ أنيس المقدسي/ 45/ دار العرلم للملايين/ بيروت/ ط 13/ 1977.

33- الدليل الأدبي/ جانديك و سامي خوري/ 45/ الأهلية للنشر والتوزيع/ 1981.
34- دراسات في الأدب العربي العصر العباسي/ د. محمد زغلول سلام/ 343/ مطبعة التقدم.
35- ئەنجومەنی ئەدیبانی کورد/ ئەمین فەیزی بەگ/ 22/ کۆڕی زانیاری عێراق، دەستەی کورد/ بغداد 1983.
36- نالی لە دەفتەری نەمریدا/ د. مارف خەزنەدار/ 43/ بغداد 1981.
37- نالی و زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کورد/ کەریم شارەزا/ 28/ مطبعة الأديب البغدادية/ 1984.
38- دەقەکانی ئەدەبی کوردی/ عەلائەددین سوجادی/ 82/ بغداد 1978.
39- ئەنجوومەنی ئەدیبانی کورد/ 22.
40- نالی و زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کورد/ 29.
41- گۆڤاری ڕامان/ 4/ ژمارە 3/ ئەیلوولی 1966.
42- دیوانی نالی/ مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس و فاتیح عەبدولکەریم/ 401/ کۆڕی زانیاری کورد/ چاپی 1/ بغداد 1976.
43- مێژووی وێژەی کوردی/ سدیق سەفی زادە (بۆرەکەیی)/ 495/ چا 1.
44- نالی لە دەفتەری نەمریدا/ 43.
45- الأدب العربي في العصر العباسي/ د. ناظم رشيد/ 243.

46- الشعراء الثلاثة أبو طيب المتنبي وأبو علاء المعري والشريف الرضي/ نورالدين يوسف نورالدين/ 13/ ط 1.
47- ديوان المتنبي/ 40.
48- تاريخ الأدب العربي/ د. عمر فروخ/ 476.
49- المدخل في الأدب العربي/ محمد بهجت الأثري/ 147/ مطبعة الجزيرة، بغداد/ 135 هـ
50- في الأدب الفلسفي/ د. محمد شفيق شيا/ 125/ مؤسسة نوفل/ بيروت- لبنان/ ط 1/ 1980.
51- ديوان المتنبي/ 315.
52- ديوان المتنبي/ 332.
53- دراسات في الأدب العربي/ كاظم حطيط/ 138/ دار الكتب اللبناني/ بيروت- لبنان/ دار الكتاب المصري/ ط 1/ 1977.
54- في الأدب العباسي/ محمد مهدي البصير/ 368.
55- ديوان المتنبي/ 571.
56- هەمان سەرچاوەی پێشوو.
57- تاريخ الأدب العربي/ د. عمر فروخ/ 469.
58- الدليل الأدبي/ 50.
59- تاريخ الأدب العربي/ د. عمر فروخ/ 469.
60- ديوان المتنبي/ 370.
61- المتنبي/ صادق صالح العاني/ 30.
62- الأدب العربي في العصر العباسي/ د. ناظم رشيد/ 242.

63- ديوان المتنبي/ 554.
64- الأدب العربي في العصر العباسي/ د. ناظم رشيد/ 241.
65- تاريخ الأدب العربي/ حنا فاخوري/ 633.
66- ديوان المتنبي/ 345.
67- المتنبي/ 29.
68- ديوان المتنبي/ 449.
69- مێژووی ئەدەبی کوردی/ د. مارف خەزنەدار/ 76.
70- دیوانی نالی.
71- نالی لە دەفتەری نەمریدا/ 124.
72- مێژووی وێژەی کوردی/ 502.
73- دیوانی نالی/ 380.
74- دیوانی نالی/ 382.
75- نەمری لە ئەدەبدا/ 22.
76- دیوانی نالی/ 174.
77- مێژووی ئەدەبی کوردی/ 69.
78- دیوانی نالی/ 142.
79- ديوان المتنبي/ 373/ دار الجيل/ بيروت.
80- في الأدب العباسي/ محمد مهدي البصير/ 356/ ط 3/ مطبعة النعمان النجف الأشرف/ 1970.
81- دراسات في الأدب العربي/ انعام الجندي/ 247/ دار الأندلس/ بيروت- لبنان/ ط 3/ 1967.
82- ديوان المتنبي/ 373.

83- المتنبي شاعر ألفاظه تتهوج فرسانا تأسر الزمان/ د. علي شلق/ 1590/ ط 1.
84- ديوانى نالى/ 481.
85- هەمان سەرچاوەی پێشوو.
86- مێژووی ئەدەبی کوردی/ د. مارف خەزنەدار/ 80/ بەرگی 3/ چا 1/ هەولێر 2008.
87- تاريخ الأدب العربي/ حنا فاخوري/ 622.
88- ديوان المتنبي/ دار الجيل/ 14.
89- المتنبي في المناهج النقدية الحديثة/ محمد آيت لعميم/ HTTP://DE.GEOSITIES.COM/PSYCHOARAB/24
90- مقدمة للشعر العربي/ أدونيس (علي أحمد سعيد)/ 56-57/ دار العودة/ بيروت- لبنان/ ط 4/ 1983.
91- ديوان المتنبي/ دار الجيل/ 40.
92- ديوان أبو طيب المتنبي/ 658/ 1/ بشرح العلامة أبي البقاء العكبري البغدادي/ ط 1/ بيروت- لبنان/ 1997.
93- الرؤس/ مارون عبود/ 267/ دار الثقافة بيروت/ ط 5/ 1972.
94- نالی لە کڵاورۆژنەی شیعرەکانییەوە/ محەمەدی مەلا کەریم/ 62/ مطبعة أكاديمية العراق/ بغداد 1979.
95- ديوانى نالى/ 100.
96- نالی لە دەفتەری نەمریدا/ 126.
97- ديوان المتنبي/332.

98- تاريخ الأدب العربي/ د. عمر فروخ/ 467.
99- ديوان المتنبي/332.
100- ديوانی نالی/ 555.
101- نالی له دەفتەری نەمریدا/ 82.
102- ديوانی نالی/ 131.
103- مێژووی ئەدەبی کوردی/ د. مارف خەزنەدار/ 79.
104- دراسات في الأدب العربي/ انعام الجندي/ 245.
105- ديوان المتنبي/ 22.
106- الأدب العربي في العصر العباسي/ د. ناظم رشيد/ 228.
107- ديوانی نالی/ 22.
108- ديوان أبی طيب/ 299.
109- دراسات في الأدب العربي/ انعام الجندي/ 245.
110- ديوان المتنبي/ 164.
111- هەمان سەرچاوەی پێشوو/ 28.
112- المتنبي/ صادق صالح العاني/ 55.
113- الأدب العربي في العصر العباسي/ د. ناظم رشيد/ 228.

114- من تاريخ الأدب العربي العصر العباسي الثاني/ طه حسين/ 98-99/ 3/ دار العلم للملايين/ بيروت- لبنان/ ط 2/ آيار 1978.
115- ديوانى نالى/ 280.
116- هەمان سەرچاوەی پێشوو.
117- نالی لە کڵاوڕۆژنەی شیعرەکانییەوە/ 73.
118- ديوانى نالى/ 144.
119- ديوانى نالى/145.
120- نالی لە کڵاوڕۆژنەی شیعرەکانییەوە/ 67.
121- تاريخ الأدب العربي/ حنا فاخوري/ 599.
122- ديوان المتنبي/ 189.
123- الدليل الأدبي/ 46-47.
124- ديوان المتنبي/ 93.
125- ديوان المتنبي/ 101.
126- ديوان المتنبي/ 497.
127- ديوان المتنبي/ 21.
128- دراسات في الأدب العربي/ انعام الجندي/ 228.
129- ديوان المتنبي/ 37.
130- مقدمة للشعر العربي/ 56.
131- المتنبي في المناهج النقدية الحديثة/ محمد آيت لعميم.

132- من تاريخ الأدب العربي/ طه حسين/ 94.
133- مێژووی ئەدەبی کوردی/ عەلائەددین سوجادی/ 223.
134- دیوانی نالی/ 106.
135- هەمان سەرچاوەی پێشوو.
136- گەڕان بەدوای ناسنامەدا/ عەتا قەرەداغی/ 24/ چاپخانەی سەردەم/ سلێمانی 2001.
137- دیداری شیعری کلاسیکی کوردی/ حەمەسەعید حەمەکەریم/ 78/ دار الحرية للطباعة/ 1986.
138- گەڕان بەدوای بووندا، یۆتۆپیای ئازادی/ عەتا قەرەداغی/ 265/ چاپخانەی سەردەم/ سلێمانی 2002.
139- نەمری لە ئەدەبدا/ ئۆرخانی غالیب/ 19/ چاپی 2/ سوێد 1998.
140- گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، تەوەری B/ د. دڵشاد علي/ 56/ ژمارە 14/ حوزەیرانی 2004.
141- دیوانی نالی/ 102.
142- هەمان سەرچاوەی پێشوو.
143- بڕوانە: دەقەکانی ئەدەبی کوردی/ عەلائەددین سوجادی/ 85.

# سەرچاوەکان

## سەرچاوە عەرەبییەکان


1- الأدب العربي في العصر العباسي/ د. ناظم رشيد/ مديرية دار الكتب للطباعة والنشر 1989.

2- الأدب المقارن/ ماريوس فرانسوا جويار، م. ف. جويار/ ترجمة محمد غلاب، راجعه د. عبدالحليم محمود/ ط 1/ وزارة التربية والتعليم بمصر.

3- اصول الطب النفساني/ الدكتور فخري الدباغ// ط 1/ 1974.

4- أمراء الشعر العربي في العصر العباسي/ أنيس المقدسي/ ط 13/ دار العرلم للملايين/ بيروت/ 1977.

5- تاريخ الأدب العربي/ حنا فاخوري/ ط 6/ مكتبة البوليسية/ بيروت- لبنان.

6- تاريخ الأدب العربي/ د. عمر فروخ/ ط 1/ دار العلم للملايين، بيروت/ 1968.

7- تاريخ الأدب العربي/ كارل بروكلمان/ نقله الى العربية الدكتور عبدالحليم النجار/ ط 4/ دار للمعارف/ 1977.
8- التناص نظريا وتطبيقيا/ د. أحمد الزغيبي/ مكتبة الكتاني.
9- دراسات في الأدب العربي/ كاظم حطيط/ ط 1/ دار الكتب اللبناني/ بيروت- لبنان/ دار الكتاب المصري/ 1977.
10- دراسات في الأدب العربي/ انعام الجندي/ ط 3/ دار الأندلس/ بيروت- لبنان/ 1967.
11- دراسات في الأدب العربي العصر العباسي/ د. محمد زغلول سلام/ مطبعة التقدم.
12- دراسات في الأدب المقارن التطبيقي/ د. داود سلوم/ دائرة الشئون الثقافية والنشر دار الحرية للطباعة/ بغداد/ 1984.
13- دراسات في الأدب المقارن والمذاهب الأدبية/ د. صفاء الخلوصي/ ط 1/ مطبعة الرابطة بغداد/ 1957.
14- الدليل الأدبي/ جانديک و سامي خوري/ الأهلية للنشر والتوزيع/ 1981.
15- دور الأدب المقارن في توجيه دراسات الأدب العربي المعاصر/ محاضرات ألقاها الدكور محمد غنيمي هلال/ ط1/ مطبعة العالمية 1962.
16- ديوان أبو طيب المتنبي/ بشرح العلامة أبي البقاء العكبري البغدادي/ ط 1/ بيروت- لبنان/ 1997.
17- ديوان المتنبي/ دار الجيل/ بيروت.
18- الرؤس/ مارون عبود/ ط 5/ دار الثقافة بيروت/ 1972.

19- الرائد: معجم لغوي عصري/ جبران مسعود/ ط 4/ دار العلم للملايين، بيروت، لبنان/ يوليو 1981.
20- الشعراء الثلاثة أبو طيب المتنبي وأبو علاء المعري والشريف الرضي/ نورالدين يوسف نورالدين/ ط 1.
21- في الأدب العباسي/ محمد مهدي البصير/ ط 3/ مطبعة النعمان النجف الأشرف/ 1970.
22- في الأدب الفلسفي/ د. محمد شفيق شيا/ ط 1/ مؤسسة نوفل/ بيروت- لبنان/ 1980.
23- لسان العرب/ أبي الفضل جمال الدين محمد بن مكرم ابن منظور المصري/ دار الصادر بيروت 2000.
24- المتنبي/ صادق صالح العاني/ بغداد 2001.
25- المتنبي شاعر ألفاظه تتهوج فرسانا تأسر الزمان/ ط 1/ د. علي شلق.
26- محاضرات في الأدب المقارن/ الدكتور ظاهر.
27- مدارس الأدب المقارن دراسة منهجية/ سعيد علوش/ ط 1/ المركز الثقافي العربي/ 1987.
28- المدخل في الأدب العربي/ محمد بهجت الأثري/ مطبعة الجزيرة، بغداد/ 135 هـ
29- مقدمة للشعر العربي/ أدونيس (علي أحمد سعيد)/ ط 4/ دار العودة/ بيروت- لبنان/ 1983.
30- من تاريخ الأدب العربي العصر العباسي الثاني/ طه حسين/ ط 2/ دار العلم للملايين/ بيروت- لبنان/ آيار 1978.

31- الموسوعة النفسية/ الدكتور أسعد رزوق/ راجعه الدكتور عبدالله عبدالدايم/ المؤسسة العربية للدراسات والنشر/ ط 1/ آيار مطابع الشروق بيروت/ 1977.

## سەرچاوە کوردییەکان

1- ئەنجومەنی ئەدیبانی کورد/ ئەمین فەیزی بەگ/ کۆڕی زانیاری عێراق، دەستەی کورد/ بغداد 1983.
2- دەقەکانی ئەدەبی کوردی/ عەلائەددین سوجادی/ بغداد 1978.
3- دیداری شیعری کلاسیکی کوردی/ حەمەسەعید حەمەکەریم/ دار الحرية للطباعة/ 1986.
4- دیوانی نالی/ مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس و فاتیح عەبدولکەریم/ کۆڕی زانیاری کورد/ چاپی 1/ بغداد 1976.
5- گەڕان بەدوای ناسنامەدا/ عەتا قەرەداغی/ چاپخانەی سەردەم/ سلێمانی 2001.
6- گەڕان بەدوای بووندا، یۆتۆپیای ئازادی/ عەتا قەرەداغی/ چاپخانەی سەردەم/ سلێمانی 2002.
7- گرنگترین نەخۆشیە دەروونیەکان/ جلال خلف ژاژڵەیی/ مطبعة بەغداد 1986.
8- گۆڤاری ڕامان/ 4/ ژمارە 3/ ئەیلوولی 1966.

9- گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، تەوەری B/ د. دڵشاد علي/ ژمارە 14/ حوزەیرانی 2004.
10- مێژووی ئەدەبی کوردی/ عەلائەددین سوجادی/ 1952.
11- مێژووی ئەدەبی کوردی/ د. مارف خەزنەدار/ چاپی 1/ هەولێر 2003.
12- مێژووی وێژەی کوردی/ سدیق سەفی زادە (بۆرەکەیی)/ چاپی 1.
13- نالی لە دەفتەری نەمریدا/ د. مارف خەزنەدار/ بغداد 1981.
14- نالی لە کڵاوڕۆژنەی شیعرەکانییەوە/ محەمەدی مەلا کەریم/ مطبعة أكاديمية العراق/ بغداد 1979.
15- نالی و زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کورد/ کەریم شارەزا/ مطبعة الأديب البغدادية/ 1984.
16- نەمری لە ئەدەبدا/ ئۆرخانی غالیب/ چاپی 2/ سوێد 1998.
17- هەندێک نەخۆشی و گرفتی دەروونی و کۆمەڵایەتی/ کەریم شەریف قەرەچەتانی/ هەولێر/ چ 1/ ئابی 1999.

## سەرچاوەکانی ئینتەرنێت


1- المتنبي في المناهج النقدية الحديثة/ محمد آيت لعميم/
HTTP://DE.GEOSITIES.COM/PSYCHOARAB/24

2- الدكتور سامر جميل رضوان
HTTP://DE.GEOSITIES.COM/PSYCHOARAB/24

3- www.metransparent.com\texts\salah-fadhl-interview.htm

www.iraqiwriter.com\iraqi-text\iraqitext\issue-2\iraqi-textissue-2-4.htm